پەككەوتەی جەستەیی‌و تەندروستییەكان
Physical & Health Impairment

پەككەوتە كێیە ؟

- هەر زیانێك بەر تاك بكەوێت و ببێتە هۆی بێتوانایی كە رێگری بكات لەوەی بەشێوەی سروشتی كاری رۆژانەی بەڕێ بكات . بێتوانایی جوڵە هاوكات پەككەوتەی هەستەوەرەكانە یان هەڵچونی لەگەڵ دایە .
- بریتیە لەو تاكەی لە گیرۆدەی بێتوانایی ژیری(عەقڵی) یان جەستەیی یان تەنگێژەی دەرونی بوە و ناواتوانێت رۆڵی سروشتی خۆی بگێڕێت لە كۆمەڵگەدا , وەك كەسێكی ئاسایی لە هەمان تەمەن و رەگەزدا و پێویستی بە خزموتگوزاری تایبەت هەیە .

هەر تاكێك نەتوانێت پێداویستی رۆژانەی خۆی بەشیۆەیەكی سروشتی جێبەجێ بكات , كە لە دە پیویستی دا كورتكراوەتەوە ئەویش (خۆ گۆڕین , هاتووچۆ , نانخواردن , چوونە ئاودەست , خۆشتن , فێربوون , نوسین , بیستن و بینین , هەلسوكەوت) ئەوە پێویستی بەهاوكاری كەسانی دیكەیە بۆی بە پەككەوتە هەژمار دەكرێت .

لە نێوان پەككەوتەی جەستەیی‌و تەندروستی دا جیاكارییەكی گەورە هەیەو دەستەیەكی نارێك‌و نەگونجاویشن لە رووی هۆیەكان‌و كاریگەرییە جیاوازەكانی پەككەوتەییەوە . هەروەها لە رووی پێداویستییەكان‌و خزمەتگوزارییەكانی گونجاندن‌و شیاندنی پێویستی تاكەكانیش هەر نارێك‌و نەگونجاون.

هەروەها دەستە نارێك‌و نەگونجاوەكان لە رووی هۆیەكانیشەوە پێكدێن، چونكە هۆی سكماكی لەدایكبوونیش هەن (Congental causes) ئەوەش پێش لەدایكبوون، یان لە كاتی لەدایكبووندا رووەدەت، سەرباری ئەوەی هۆی وەرگیراویش (acquired causes) هەن كە دوای كرداری لە دایكبوون رووەدات. لەگەڵ بوونی كاریگەرییان لە سەر تاكەكان لە چەندین رووەوە، چونكە كاریگەریی هەستەوەری‌و دەروونی‌و پیشەیی‌و بیستن‌و هیتریش دەكەنە سەر ئەو كەسانەی تووشی ئەو هۆیانە بوون، چ سكماكی، یان وەرگیراو بن.

ئەو كەسانەی خاوەن ئاستەنگی جەستەیی‌و تەندروستین بە دەست ئەو لایەنی كەموكووڕییانەوە دەناڵێنن كە حاڵەتی جەستەیی، یان تەندروستییان دەیسەپێنێت‌و لە لایەكەوە رێگە لە ئەنجامدانی رۆڵی چاوەڕوانكراویان دەگرێت‌و لە لایەكی دیكەشەوە هەوڵ‌و كۆششی بەدەستهێنانی رەزامەندی‌و پەسەندكردنی ئەوانەی دەوروبەریش مسۆگەر دەكات، بۆیە پێویستە بە مەبەستی دابین كردن‌و مسۆگەركردنی خۆگونجاندنی لەبارو شیاو خزمەتگوزاریی رێنماییانە‌و هوشیاركردنەوەو شیاندنیان پێشكەش بكرێت.

ئەوانەی خاوەن ئاستەنگی جەستەیی و تەندروستین، پێویستییان بە خزمەتگوزاریی پزیشکیی شیاندنی تایبەتمەندی هەیە، وەکو چارەسەرکردنی سرووشتی و چارەسەرکردنی ئەرکداری و پیشەیی و چارەسەرکردنی گۆکردن (النطقي)، بە ئامانجی پەرەپێدانی کارامەییەکانیان و توانستەکانیان تا ئەوپەڕی توانای سەربەخۆیی کە توانستەکانیان رێگەیان پێ دەدات.

لەم بەشەدا بە شێوەیەکی کەمێك درێژو پڕ وردەکاری گفتوگۆی بابەتەکانی پەککەوتەی جەستەیی و تەندروستی دەکەین کە سوود بە تایبەتمەندانی ئەو بوارە بگەیەنێت.

پێناسەکردنی پەککەوتەی جەستەیی و تەندروستی:

زەحمەتە بتوانرێت هەموو دەستەکانی ئاستەنگی جەستەیی و تەندروستی لە یەك پێناسەدا کۆ بکرێنەوە، ئەوەش بە هۆی هەمەجۆربوونی حاڵەتەکان و پەیوەندی نەبوونیان بەیەکترییەوە. بەڵام دەکرێ بگوترێت کە ئاستەنگ و ناتەواوی جەستەیی و دەروونی کۆتوبەندی جەستەیی، یان تەندروستی لە سەر کەسەکان دادەنێن، تا ئەو ئاستەی پێویستییان بە خزمەتگوزارییەکانی پەروەردەی تایبەت دەبێت، بە تێکڕای ئەو خزمەتگوزارییانەی تیایشیاندا پێشکەش دەکرێت لە مەشق و راهێنان، یان چارەسەرکردن، یاخود ئامێرو دەزگای قەرەبوکردنەوە، بۆ پڕکردنەوەی ئەرکی ئەو ئەندامانەی جەستە کە لە کار کەوتوون و بوونەتە هۆی دروستکردنی ئاستەنگی جۆراوجۆر بۆ کەسەکان. (Hallahan. Et al 2006).

پەککەوتە (الاعاقە) بەپێی تێڕوانینی کۆمەڵگەیی باو بۆ ئەو کەسانەی تووشی ئاستەنگی جۆراوجۆر هاتوون، بەپێی ئاراستەو بوونی کەسە ناتەواو و خاوەن ئاستەنگەکان لە کۆمەڵگەدا بە رێژەیی دادەنرێن، لێرەدا جێگەی ئاماژەیە کە زاراوەگەلێکی زۆر هەن تێکەڵی یەکتری دەکرێن و بریتین لە زاراوەی پەککەوتەیی (العجز) (Disability) و زاراوەی ئاستەنگی و پەککەوتەیی (الاعاقە) (handicap)، ئەم دوو زاراوەیە بە شێوەیەکی ئاڵوگۆڕکراو و زۆر جار لە شوێنی یەکتری بەکاردەهێنرێن، هەرچەندە جیاوازیشیان لە نێواندا هەیە، چونکە زاراوەی پەککەوتەیی (العجز) ئاماژەیە بۆ کەموکووڕیی جەستەیی، یان ئۆرگانیکی کە شایانی پێوانەکردنە بە شێوەیەکی بابەتییانە، وەکو لە دەستدانی دەست، یان پێ، یاخود بەشێکیان، بەڵام زاراوەی ئاستەنگی، یان پەککەوتەیی (ئاماژەیە بۆ کاریگەریی ئەو پەککەوتەییە لە سەر کەسەکە لە کاتی دیاریکراو و رەنگدانەوەی پەیوەندیی جەستەیی و دەروونیی زۆر گران و ئاڵۆزیش لە سەریان. (الخطیب، 2009).

قۆناغەکانی پەککەوتن

پەکەوتن بە قۆناغدا تێپەڕ دەبێت (پێکان (الاصابە) – بێ توانایی (عجز)—پەککەوتەیی(الاعاقە)) , لە هەندێ باردا قۆناغەکان کورت دەبێتەوە لە قۆناغی یەکەمدا چارەسەری پێویستی بۆ دەکرێت و نابیتە هۆی (بێ توانایی یان پەککەوتن) . یان دووقۆناغ دەبرێت لە قۆناغی دووەمدا (بێ توانایی) چارەسەر دەکرێت و ناگاتە پەککەوتن .

بەڵام لە هەندی باری تردا کورتکردنەوەکە بە پێچـــەوانەوە دەبێت و لە قۆناغی یەکەمەوە کە پێکانە بێ ئەوەی بچێتە قۆناغی دووەم باز دەداتە قۆناغی سێیەم کە پەککەوتنە وەکو

(شەلەلی دەماغی – لەرودانی هاتووچۆدا پەلەکانی یان هەستەوەرەکانی لەدەستت دەدات).



رێژەی رووداوی ئاستەنگیی جەستەیی‌و تەندروستی:

مەزەندەکردنی رێژەی رووداوی ئاستەنگی جەستەیی‌و تەندروستی وا ئاسان نییە، ئەوەش بە هۆی پەیوەستبوونی بە پێناسەکردنی ئاستەنگ لە لایەك‌و جیاکاریی گەورەی نێوان دەستەکانیش لە لایەکی دیکەوە.

لەبەر رۆشـــنایی ئەمەشـــدا دەکرێ مەزەندەی رێژەکە مەزەندەیەکی چـــەندایەتی لەخۆبگرێت، وەك ئەوەی نووسـینگەی ئەمەریکی بۆ پەروەردە ئەنجامیداو رێژەکەی بە (0.5٪) دەسـتنیشـان کرد، ئەمەش بە ئاسـتەنگێکی وا دادەنرێت کە کەم رووەدەدات، بە بەراورد لەگەڵ دەســـتە ئاســـتەنگییەکانی دیکە، وەکو حاڵەتی ئاســـتەنگی عەقڵی‌و ئاستەنگی‌و زەحمەتییەکانی فێربوونیش. (الببلاوی، 2010).

ســەبارەت بە رێژەی بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە ئاســتەنگانە لە رۆژهەڵاتی ناوەراســت، بە هۆی نەبوونی داتاکان، یان ئەو ئامارانەی جێگەی متمانەنین , بەهۆی بەردەوامی شـــەر ناکرێ رێژەکەی لەم وڵاتانەدا بە شـــێوەیەکی وردو دروست دیارو دەستنیشان بکرێن.

جۆرەکانی پەککەوتەی جەستەیی (فیئات الاعاقة الحركية)

1- **توشبوو بە شڵەژانی پێکهاتن** (المصابون بأظطرابات التكوينية)

ئەوکەسانە دەگرێتەوە کە گەشەی پەلەکانیان (دەست و قاچ) وەستاوە یان کاریگەری دروستکردوە لەسەر چالاکی و توانا لە کارکردندا .

2- **توشبوو بە ئیفایجی منداڵ** (المصابون بالشلل الاطفال)

ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە کۆئەندامی دەماریان ویانی بەرکەوتووە , و بۆتە هۆی ئیفلیجی لە هەندی بەشی لەشدا بەتایبەت پەلەکانی خوارەوە و سەرەوە .

3- **توشبوو بە ئیفلیجی مێشك** (المصابون باشلل المخى)

شڵەژانی دەمارییە (عصبي) **بەهۆی لەکارکەوتن یان لەناوچونی چەند ناوچەیەکی مێشك رودەدات و هەندێك جار دواکەوتوویی ژیری لەگەڵدایە گەرچی رێژەی زیرەکی ئاساییە و توانایی خۆ بەرێوەبردنیان هەیە .**

4- **پەککەتەی حەستەیی بەهۆی رووداو و جەنگ و کارەساتی سروشتی و کەوتنەخوارەوە کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی پەلێك یان زیاتر یان بەشێکی لەش .**

پۆلینکردنی پەککەوتەی جەستەیی و تەندروستی:

پەککەوتەی جەستەیی و تەندروستی بۆ پێنج بەشی پۆلین دەکرێن بەم جۆرەی خوارەوە:

یەکەم :تووشبوونی کۆئەندامی دەمار (Neurologicallmpairments):

لە ئەنجامی تووشبوونی کۆئەندامی ناوەندیی دەمار، ئەوا (مێشك و درکە پەتك –النخاع الشوكى) تووش دەبن و ئاست و پلەی تووشبوونیشیان لە نێوان سادەو مامناوەند و توندو دژوار(زۆر توند) دایەو ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

1. **ئیفلیجی مێشك (الشلل الدماغى)** Cerebral Palsy.
2. **بڕبڕەی پشتی کراوە (العمود الفقرى المفتوح)** Spinal bifida.
3. **پەرکەم (الصرع)** Epilepsy.
4. **ئاوبەندیی مێشك (استسقاو الدماغ)** Hydrocephaly.
5. **ئیفلیجیی منداڵ (شلل الاطفال)** Poliomyelitis.
6. **گرژبوونی هەمەجۆر (التصلب المتعدد)** Multiple Sclerosis.

دووەم : نەخۆشیەکانی کۆئەندامی ئێسکە پەیکەر (الاصابات جهاز العظمي) (skeletal- Impairment):

بریتین لەو تووشـــبوونانەی کە کار دەکەنە ســـەر ئێســـك و توانای تاك لە جوولەو هەڵســـوکەوت و گواســـتنەوە بە سەربەخۆیی سست و کەم دەکەنەوە، یان پەك دەخەن و ئەم تووشبوونانەش دەگرنەوە:

1. قرتان و بڕین و شێواندنی پەلەکان (Amputation)
2. خواری و چەمانەوەی بڕبڕەی پشت (الجنف –انحناء العمود الفقری Scoliosis)
3. کووڕی پشت (کۆمبوون – قەمبوور) (الحدب) (Kyphosis)
4. ئێسکەنەرمە (ترقق العظام یان الکساح Ostaeomalacia)
5. پوکانەوەی ئێسك (فشۆڵ) (هشاشة العظام Osteoporosis)

سێیەم : نەخۆشیەکانی جومگەکان

.1هەوکردنی رۆماتیزمی جومگەکان (التهاب المفاصل الروماتیزمی (Rheumatoid Arthritis):

1. ترازانی سکماکیی سمت(سێبەندە) (خلع الورك الولادی (Congenital Dislocation of Hips):

چوارەم : تووشبوونی ماسوولکەیی (الاصابات العضلیة)

1.داهێزرانی ماسوولکەیی (Muscular Dystrophy)

2.بێهێزیی ماسوولکەیی (الوهن العضلي) (Myasthenia Gravis)

پێنجەم- نەخۆشییە درێژخایەنەکان (الامراچ المزمنه) (Chronic Diseases)

1. شەکرە (السکری) (Diabetes Mellitus)
2. تەنگەنەفەسی (الربو) (Asthma)
3. ئەیدز (نقص المناعه المکتسبه)(Acquired Immune Deficiency Syndrome
4. تێکچوونەکان و نەخۆشییەکانی دڵ (تشوهات وأمراض القلب) (Heart Defects
5. نەخۆشییەکانی خوێن (أمراض الدم)

یەکەم- تووشبوونەکانی کۆئەندامی دەمار (اصابات الجهاز العصبی):

1.ئیفیجیی مێشك Cerebral palsy:

زاراوەی ئیفلیجیی مێشك ئاماژەیە بۆ کۆمەڵە گرفتێکی جوولەیی درێژخایەن کە کار دەکەنە سەر جوولەی جەستەو زاڵبوون بە ســـەر ماســـوولکەکانو کاریگەری بۆ ســـەر توانای جەســـتە لە رووی رێکیو هاوئاهەنگیی جوولەییو هاوسەنگیدا.

ئەمەش شـــڵەژانێکی دەماریی جوولەییەو لە ئەنجامی تێکچـــوونێك لە مێشـــکەوە دێتە ئاراوە، ئەوەش کاتێك ئەو ناوچانەی بە سەر جوولەدا زاڵن تووش دەبن، بە زۆریش ئەمە لە کاتی پەرەسەندنی کۆرپەڵە لە کاتی دووگیانی، یان لە کاتی لە دایکبوون، یاخود کەمێك دوای لە دایکبوون روودەدات. وشـەی سـریبرل Cerebral ئاماژەیە بۆ مۆخ، کە بەشـێکی تووشـبووە لە مێشـك، وشـەی Palsy یش ئاماژەیە بۆ ئەو نەخۆشـییەی پەیوەسـتە بە جوولەوە. چـونکە ئیفلیجیی مێشك نەخۆشییەکی تایبەت نییە، هەروەها کوشندەو ،شڵەژانێکی پەرەسەندووانەش نییە، بەرەو ئاستێکی خەراپتر پەرە بســـێنێت، بەڵکو لەوانەیە نیشـــانە جوولەییە درێژخایەنەکانی حاڵەتێك بێ لە حاڵەتی پێشـــکەش نەکردنی خزمەتگوزاریی شیاندن، یان چارەسەریانەی پێویست دەربکەون.

تا ئێسـتا بە شـێوەیەکی یەکلاییکەرەوە چـارەسـەری نەخۆشـیی ئیفلیجی نییە، بەڵام هەڵبژاردنی جیاواز هەیە بۆ چارەسەرکردن، لەوانەش چارەسەرکردن بە دەرمانو نەشتەرگەری، هەروەها خزمەتگوزارییەکانی شیاندنی پزیشکی کە بەشداری لە چاکترکردنی ئەرکەکانی تووشبووانو ئاستی ژیانیان دەکەن.

رێژەی بڵاوبوونەوەی ئیفلیجیی مێشـــك بە نزیکەی (2-3: 1000) منداڵی لە دایکبوو لە ســـەر ئاســـتی جیهانی مەزەندە دەکرێت، هەروەکو دامەزراوەی ئەمەریکیی ئیفلیجیی مێشـــك بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوە ئاماژەی پێداوەو روونی کردۆتەوە.

هۆیەکانی ئیفلیجیی مێشك:

هۆیەکانی ئیفلیجیی مێشـــك زۆرو هەمەجۆرنو هەندێکیان زانراونو هەندێکی دیکەشـــیان بە تەواوی نەزانراونو شـــاراوەن، هۆیەکانیشـــی بۆ هۆی پێش لەدایکبوونو کاتی لە دایکبوونو هەروەها هۆی دوای لە دایکبوونیش دابەش دەبن.

جێگەی ئاماژەیە کە رێژەی ئیفلیجیی مێشـــکی ســـکماکیو لە دایکبوون (الولادی) (Congenital) لە کاتی دووگیانی، یان لە کاتی لەدایکبووندا روودەداتو زۆر لە ئیفلیجیی مێشکی وەرگیراو (المکتسب) کاریگەرترو گەورەترە، هەروەکو لێکۆڵینەوەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە (85٪)ی حاڵەتەکانی ئیفلیجی بۆ ئیفلیجیی ســـکماکیی مێشـــك دەگەڕێنەوە (السرطاوي، 2010).

لە هۆیەکانی پێش لەدایکبوون ئەمانەی خوارەوەن:

1. بەرکەوتنی دایکی دوو گیان بۆ تیشکی سینیو ئەوانیتر، بە تایبەتیش لە مانگەکانی سێیەمی یەکەمی دووگیان بوونیدا، ئەو کارەی لەوانەیە ببێتە هۆی تێکچوونی خانەکانی مێشکی کۆرپەڵەو تووشبوونی بە ئیفلیجی.
2. تووشبوون بە هەوکردن لە کاتی دووگیانیو بە تایبەتیش بە سوورێژەی ئەڵمانی.
3. کەمی ئۆکسجین پێش لەدایکبوون لای کۆرپەڵە، بە هۆی سووڕانەوەی پەتی ناوك بە دەوری ملی کۆرپەڵەکەدا.
4. جیاوازی هۆکاری رازیسی لە نێوان دایكو باوکدا.

لەو هۆیانەی دەبنە مایەی تووشبوون بە ئیفلیجی لە کاتی لەدایکبووندا ئەمانەی خوارەوە بەشێکی ئەو هۆیانەن:

1. کەمی ئۆکسجین لە کاتی لەدایکبوون.
2. تووشبوونو بەرکەوتنی بەهێز بۆ سەری کۆرپەڵە لە کاتی لەدایکبووندا.

لە هۆیەکانی دوای لە دایکبوونیش ئەمانەی خوارەوەن:

1. لەدایکبوونی پێشوەختە.
2. دابەزینی زۆری کێشی کۆرپەڵەکە.
3. هەوکردنەکان کە تووشی مێشك دەبن، بە تایبەتیش هەوکردنی پەردەی مێشك.
4. ئەو تووشبوونو رووداوانەی کە تووشی سەری کۆرپەڵە، یان منداڵی بچووك دەبن، بە تایبەتی لە قۆناغە بەراییەکانی تەمەندا.

پۆلینکردنی ئیفلیجیی مێشك:

ئیفلیجیی مێشك بۆ چەندین جۆر پۆلین دەکرێت، بەناوبانگترین پۆلینکردنیان بەپێی پەلە تووشبووەکان، وەکو دەستو پێی تووشبوو (الاطراف المصابه) دەبێت، پۆلینکردنی دیکەش هەن بە پێی جۆری شڵەژانی جوولەیی دەبن، ئەمانە هەردووکیان زۆرترینی ئەو پۆلینکردنە بەربڵاو و بەکارهێنراوانەن کە هەنو باون.

ئیفلیجیی مێشك بەپێی پەلە تووشبووەکان ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

ئیفلیجیی یەك پەلی (monoplegia)و ئیفلیجیی پەلیی دووانەیی (deplgia): کە بە دووانە (المزدوج) ناسراوە. تووشبوونەکانیش لە هەر چوار پەلەکە دەبێتو لە پەلەکانی خوارەوەش روونتر دەردەکەون. واتە لە دەستو قاچەکان، یان بەشێکیان.

ئیفلیجی سیانەیی (شلل ثلاثي) (triplegia): تووشبوونەکەش تەنها لە سێ پەل دەبێت، هەروەها ئیفلیجیی چوارپەلیو ئیفلیجیی پەلەکانی خوارەوەش هەن (paraplegia)و تووشبوون تیایدا تەنها لە یەکێك لە نیوەکانی جەستە دەبێت، وەکو نیوەی جەستەی راست، یان چەپ، سەرباری ئیفلیجی نیوەیی دووانەیی (Double

hemiplegia)، ئەمەشـــیان تووشـــی هەر چـــوار پەل دەبێتو تووشـــبوونەکەش لە یەکێك لە نیوەکانی جەســـتە دەبێتو لە نیوەکەی دیکە توندوتیژو قورستر دەبێت.



ئیفلیجی بەپێی شێوازانە جوولەییەکان (الاضطراب الحرکی) بۆ سێ جۆر پۆلین دەکرێت:

1. گرژبوونە ئیفلیجی (الشلل التشنجی) (spasticity):

ئەم جۆرەیان زیاترینو بەربڵاوترین جۆری ئیفلیجی مێشکە، بە جۆرێك کە زیاتر لە نیوەی حاڵەتەکانی ئیفلیجیی مێشك لە ناو ئەم جۆرەیاندا پۆلین دەکرێن.

ئەمەش لە ئەنجامی تووشـــبوونی توێکڵی مێشـــك رووودەداتو تیایدا ماســـوولکەکانی مێشـــك گرژ دەبنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی رەقبوونی هەندێك لە بەشەکانی جەستەو جوولەی نارێك لە پەلەکان –دەستو قاچەکان-و رۆیشتن لە ســـەر پەنجەی پێیەکانو نووشـــتاندنەوەی چـــۆك بۆ ناوەوە، ئەم جۆرە رۆیشـــتنو رێکردنەش بە رۆیشـــتنی مقەس ناسراوە.

منداڵانیش تیایدا لە رووی گاگۆلکێو رۆیشتنەوە دوا دەکەونو بە دەست گرفتەکانی ئاخاوتنەوە دەناڵێنن، هاوشـان لەگەڵ ئەم جۆرە ئیفلجییەشدا ئاستەنگی دیکە دێنەئاراوە، وەکو ئاستەنگەکانی بیستنو بینین، دواکەوتووی ژیری و رووودانی پەرکەمی جاربەجار.

2. ئیفلیجیی خواروخێچیی مێشك (الشلل الدماغی الالتوائی (athetoid):

ئەم جۆرە ئیفلیجییە جوولەی نائیرادیو بێ ئامانج لە پەلەکان (الاطراف) لەخۆدەگرێت، وەکو گرژبوونو کرانەوەی مەچەكو پەنجەکان بە شێوەی بەردەوام، ئەوانەی تووشی ئەم جۆرە ئیفلیجییە هاتوون، توانای راوەستانی جەســـتەیان بە شـــێوەیەکی رێكو چـــەســـپاو و قیت نییە لە کاتی دانیشـــتن، یان رۆیشـــتن، هەروەها کێشـــەیان لە هەڵگرتنەوەو پێدانی شـــتەکانو شـــۆڕبوونەوەی لیك بە لالغاوەی دەمو گرفتی گۆکردنو ئاخاوتنیان هەیە، ئەم جۆرەیان لە ئەنجامی تووشبوونی گرێی بنکەیی مێشك دێتە ئاراوەو سەرهەڵدەدات. (الخطیب، 2009).

3. ئیفلیجی بەلاداهاتنی مێشك (الشلل الدماغی الترنحی) (ataxic):

هەندێك لە سەرچاوەكان بە ئیفلیجیی ناهاوسەنگی ناوی دەبەن، ئەم جۆرە ئیفلیجییە بەوە ناسراوە كە تیایدا توانای هاوسەنگی لە دەست دەدرێتو بە زەحمەت جوولەی وردو رێكوپێك ئەنجام دەدرێتو لە كاتی رێكردنو رۆیشتنیشدا بەلادا دێتو توانای بەكارهێنانی دەستەكانیشی لە كارامەییەكانی نووسینو بڕینو..تاد لاوازو بێهێزە، ئەو كەسەی تووشی ئەم جۆرە ئیفلیجییە ببێت بە ئاسانی دەكەوێتە سەر زەوی، كەمترین جۆری بەربلاوی ئیفلیجیی مێشكیشەو لە ئەنجامی تێكچوونو تووشبوونی مێشكۆكەوە دێتە ئاراوەو بلاو دەبێتەوە.

جێگەی ئاماژەشە كە ئەو كەسانەی تووشی ئیفلیجیی مێشك دەبن توانای ئاسایی عەقڵییان هەیەو لە ئاستێكی مامناوەندیدان، هەرچەندە جیاكاریی تاكە كەسیی گەورەش هەیە لە نێوان تاكەكاندا.

دەستنیشان كردنی ئەم كەسانەش پێویستیی بە شارەزاییو ئەزموونی گەورەو زۆرو گونجاندنی تاقیكردنەوەكان هەیە، تاكو لەگەڵ توانستە جوولەییەكانیاندا بگونجێتو بسازێت، هەروەها ئاگاداریەكی گەورەش لە شرۆڤەكردنی ئەنجامی ئەو تاقیكردنەوانەی پێشكەشیان دەكرێت هەیە.

هەروەها پێویستیشیان بە فێركردنیان هەیە لە رووی لێهاتوویی‌و ئەزموون لە بوارە هەمەجۆرەكانو بەكارهێنانی ئامێرو ئامرازی یارمەتیدەر كە كرداری فێركردنو فێربوون لای ئەو كەسانەی پێویتسییان پێیەتی ئاسان دەكات.



2.ئیفلیجیی منداڵ (شلل الاطفال) (Poliomyelitis):

ئیفلیجیی منداڵ لەو نەخۆشییانە دادەنرێت كە مەترسییان بۆ سەر تاكەكان هەیەو لە ئەنجامی نەخۆشییەكی ڤایرۆسیی كوشندەش دێتەئاراوەو سەرهەڵدەدات، كە تووشی خانە دەمارییە جوولەییەكانی دڕكە پەتك (النخاع الشوكی) دەبێتو دەبێتە هۆی تێكچوونی، ئەمەش وا دەكات ئەو ماسوولكانەی كە ئەم خانە دەمارییانە خۆراكی پێ دەبەخشن دەست بە پووكانەوەو لاوازی بكەن، تا ئەو ئاستەی تووشی ئیفلیجیی بكەن.

ئەم ئیفلیجییە بە پلەی یەکەم تووشـــی منداڵانی تەمەن خوار پێنج ســـاڵانەوە دەبێتو کاریگەریی زۆریشـــی لە ســـەریان دەبێت، لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە خەڵکی لە ســـەرجەم قۆناغەکانی تەمەنیان تووشـــی ئەم ئیفلیجییە ببن، راپۆرتەکانی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) هەر لە ساڵی 1988وە ئاماژەیان بە دابەزینی رێژەی بەرزی ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون بە ئیفلیجی کردووە. لە ساڵی 2010 راپۆرتەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە ئیدی چیتر ئیفلیجیی منداڵان پێکەو شوێنی لە وڵاتاندا نەماوە، جگە لە چەند وڵاتێکی کەم نەبێت، دوای ئەوەی پێشتر لە 125 وڵاتدا بوونی هەبوو.

هۆیەکانی ئیفلیجیی منداڵان (أسباب شلل الاطفال):

ئیفلیجی بە هۆی تەشەنەکردنو بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسێکی تایبەتەوە دێتە ئاراوەو بڵاودەبێتەوە، بە تایبەتیش لە رێگەی دەمو قوڕگەوە، ئەوەش لە میانی پڕژەی ئاوی کۆکەو پژمینەوە، هەروەها لە رێگەی پاشـــەڕۆو بەرکەوتنی بە پاشـەڕۆ پیسـەکانی مرۆڤەوە، هەندێك هۆکاری دیکەش هەن مەترسـیی ئەم ڤایرۆسـە زیاتر دەکەن، لەوانەش: کەمی بەرگری جەستەو بەدخۆراکیو دەرکردنو نەشتەرگەری بۆ جووتەئاڵووی قوڕگ (لوزتین).

نیشانەکانی ئیفلیجیی منداڵان:

نیشـانەکانی ئیفلیجیی منداڵان بە زۆری بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی جەســتەو هەوکردنی قوڕگو هێڵنجدانو ئازاری سك‌و ئازاری ماسوولکەکانو وشکبوونەوەی ملو بە زەحمەت میزکردنو قەبزی دەست پێ دەکات، ئەم جۆرە ئیفلیجییەش زیاتر تووشی قاچەکان دەبن، وەك لە دەستەکانو شوێنەکانی دیکەی جەستە. (الببلاوی، 2010).

مرۆڤ بەرگری دژی ئیفلیجیی منداڵان لە رێگەی پێکوتەوە وەردەگرێت، بۆیە هەر دەبێتو زۆر پێویســـتیشـــە کە سووربن لە سەر پێشکەش کردنو وەرگرتنی پێکوتە دژی ئیفلیجیی منداڵان لە کاتو ساتی خۆیو بە بێ دواکەوتن.

3.بڕبڕەی پشتی کراوە (العمود الفقری المفتوح) (Spina Bifida):

تێکچوونێکی سکماکییە، لە ئەنجامی تەواو دانەخستنی کەناڵی دەماریی لە بڕبڕەی پشتەوە دێتە ئاراوەو ســـەرهەڵدەدات، ئەوەش بە هۆی کەموکووڕیی لە یەکگرتنو ئاوێتەبوونی تەواوی بۆشـــایی نێوان بڕبڕەکان لە ماوەی مانگەکانی یەکەمی دووگیانیدا، کە لەوانەیە لە شـــێوەی هەڵتۆقین، یان بەرزبوونەوەی وردی ئێســـکەوە دەربکەوێت (بروز أو نتوء)، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچـــوونی دەمارو بێتوانایی لە ئەنجامدانی ئەرکە جەستەییەکانیو لەوانەشە هەندێك جار ببێتە هۆی ئیفلیجبوونی کەسەکە. (Hallahan. Et al 2006).



کەموکووڕییەکیش هەیەو تووشی گەشەی دروستی بڕبڕەی پشتی کۆرپەڵە دەبێتو دەکرێ ئەم کەموکووڕییە بەپێی ئاســتو توندوتیژییەکەی بۆ ســێ بەشی سەرەکی دابەشو پۆلین بکرێت کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. **درزی دەرنەکەوتوو (الشــق غیر الظاهر) (Occulta): بە شــاراوەو نادیاریش ناســراوە، ئەم جۆرەیان بە زۆری دەرهاویشـــتە، یان نیشـــانەو ئاماژەی دیاری نییە، لێکۆڵینەوەکانیش ئاماژە بەوە دەدەن کە زیانبەخش نییەو نەخۆش لەگەڵیدا پێویستی بە چارەسەرکردن نییە، هەرچەندە هەندێك لێکۆڵینەوەی دیکە نێوانی ئەم درزەو ئازاری پشتیان پێکەوە گرێداوەو بەستۆتەوە.**
2. **پەردە کیسە (الکیس السحائی) (Meningocele): لەم جۆرەیاندا کیسەیەك بۆ دەرەوەی پشت بەرز دەبێتەوەو بە پێســتە داپۆشــراوەو پەردەی مێشــك (أغشــیه الســحایا) لەخۆدەگرێتو پەتە درکەش تیایدا ئاســایی دەبێتو دەکرێ لە میانی پشــکنینە پزیشــکییەکانو وێنەی شــەپۆلە رۆشــناییەکانەوە دەســتنیشــان بکرێت، هەروەها دەشکرێت لە رێگەی نەشتەرگەرییەوە چارەسەر بکرێت.**
3. **کیســەی پەردە درکە (الکیس الســحائی الشــوکی Myelomeningocele): تیایدا بەشــێك لە پەتکە درکەو دەمارەکان لە دەرەوەی بڕبڕەی پشت بەرز دەبنەوەو بە زۆری ناوچەی بڕبڕە پشتی (العجزیەو القطنیة)ی پشت تووشـــی دەبنو بە زۆریش دەبنە هۆی تێکچـــوونی پێیەکانو هەردوو چـــۆك‌و ئازاری زۆر لە خوارەوەی پشـــت دێنێتەئاراوە. بە مەترسیدارترین جۆرەکانیش دادەنرێتو دەبێتە هۆی ئیفلیجی. (الببلاوی 2010).**

ســەبارەت بە هۆیەکانی بڕبڕەی کراوەی پشــت (العمود الفقری المفتوح) تا ئێســتاش بە تەواوی روونو ئاشــکرا نییە، هەندێك بیروباوەڕ هەن پێیان وایە ئەم هۆیانەی خوارەوە هۆی سەرەکیی تووشبوونی ئەو نەخۆشییەن، وەکو:

- **هۆکارە بۆماوەییە جینییەکان.**
- **خواردنەوەو بەکارهێنانی دەرمان لە لایەن دایکی دووگیانەوە، بە تایبەتی (دژە گرژبوونەکان) لە ســـێ مانگی یەکەمی دووگیانبووندا.**

- بەرزبوونەوەی ئاستی شەکرە لە خوێنی دایکی دووگیان، بە تایبەتی لە سەرەتای دووگیان بوونیدا.
- السـرطاوي (2010) ئاماژە بەوە دەکات کە تووشـبوونی دایکی دوو گیان بە هەندێك هەوکردنو نەخۆشـیو ژەهراویبوونی دووگیانی، ئەمانە هەموویان هۆی ئەگەری تووشبوونن بەم نەخۆشییە.

چارەسەرکردنی بڕبڕەی کراوەی پشت (علاج العمود الفقری المفتوح):

ئەو منداڵانەی تووشـی نەخۆشـیی بڕبڕەی کراوەی پشـت دەبن پێویسـتییان بە ئەنجامدانی نەشـتەرگەری هەیە، ئەوەش یەکسـەر لە سـەرەتای دۆزینەوەی نەخۆشـییەکەوە، بە هۆی چـارەسـەرکردنە پزیشـکیو تەکنەلۆژییە هاوچـەرخەکانیش زۆربەی تووشـبووان دەتوانن ژیانێکی سـرووشـتی، یان نزیك لە سـرووشـتی بژێن، هەروەها پێویسـتییان بە بەرنامەی شـیاندنی دیکەش هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بە شـێوەیەکی ئاسـاییدا بژینو نەخۆشـییەکە کاریگەرییەکی ئەوتۆی بۆ سەریان نەبێت..

4. پەرکەم (الصرع Epilepsy):

پەرکەم (ق) بەوە پێناسـە کراوە کە حاڵەتێکی پزیشـکییەو لە ئەنجامی چـالاکیی لە رادەبەدەرو ناسـرووشـتیی جوولەی دەمار لە مێشکدا روودەدات، ناوە ناوەو لە شێوەی (راچڵەکین)دا دەردەکەوێتو سەرهەڵدەداتو ماوەکەیشی کورت دەبێت، لە کاتی رووداني پەرکەم زیادبوونێکی بەهێز لە چـالاکیی کارەبایی مێشـكو بە شـێوەیەکی نارێك رووداتو کار دەکاتە سەر هەموو مێشك، یان بەشێکی.

ئەنجامی ئەم حاڵەتەش بە زۆری لە خۆچـوونو جوولەی نا ئیرادیانەو گرژبوونی پەلەکانەو وەکو چـۆن لە ناکاو روویدا، ئەوەش لە ناکاو نامێنێتو کۆتایی پێ دێت. (الخطیب 2010). لە هەندێك سەرچاوەو ژێدەردا بە شڵەژانە راچڵەکینەکان (Convulsive disorders) ناو دەبرێت، چونکە هەندێك ژێدەرو سەرچاوە خۆیان لە ناوهێنانی (پەرکەم) بە دوور دەگرن، وەکو ناوێك ئەوەش بە هۆی کاریگەریی نەرێنی لای خەڵکی، کە لەوانەیە بە چـاوێکی نەرێنییەوە سەرنجی ئەو دەستەواژەیە بدەن.

کاریگەرییەکانی پەرکەم (تأثیرات الصرع):

پەرکەم تەمەنێکی دیاریکراوی نییەو لە قۆناغی تەمەنی جیاوازدا تووشـی مرۆڤ دەبێت، بەڵام زیاتر لە (50٪)ی حاڵەتەکانی پەرکەم لە تەمەنی پێش (10) ساڵانەوە تووشی منداڵان دەبن، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش نزیکەی (300.000) هەزار منداڵی ئەمەریکی لە خوار تەمەنی 14 سـاڵییەوە تووشـی پەرکەم هاتوون، جێگەی ئاماژەیە کە بە زۆریش رەگەزی نێر تووشی پەرەسەندنی نەخۆشیی پەرکەم دەبن، زیاتر لە رەگەزی مێ، سەبارەت

بە زۆربەی ئەو کەسانەی تووشی پەرکەمیش دەبن، کێشەکە ئەوەندە گەورەو مەترسیدار نییەو دەکرێ بە باشی بەسەریدا زاڵ ببن، ئەوەش لە میانی بەکارهێنانی دەرمانە پزیشکییەکانەوە.

لەوانەیە چارەسەرییەکە چەندین ساڵ بخایەنێت، لەگەڵ ئەوەی وا باسی نەخۆشی پەرکەم کراوە کە هەڕەشەیەکە بۆ مرۆڤ بە درێژایی ژیانی، بە جۆرێك کە نزیکەی (25- 30٪)ی ئەوانەی تووشی پەرکەم هاتوون بە دەستییەوە دەناڵێنن و ناوە ناوەش دووبارە تووشیان دەبێتەوە، وێڕای بەکارهێنانی باشترین جۆرەکانی داودەرمانی بەردەستی پزیشکیش بۆ ئەو حاڵەتانەی کە بە نۆرەی پەرکەمی دژوار ناسراون، ئەمەش بە واتای ئەوەی کە بەرگری لە کاتی چارەسەرکردنیدا هەیە، یان هەندێك حاڵەت چارەسەرکردنی زەحمەت دەبێت.

هۆیەکانی پەرکەم:

زۆربەی لێکۆڵینەوە پەیوەستەکان بە پەرکەمەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆرێك لەوانەی تووشی پەرکەم دەبن، توانای ناسین و زانینی هۆیە دیاریکراوەکانی پەرکەمیان نییە، زۆربەی کاتەکانیش هۆیەکانی شاراوەو نادیارن و نازانرێن، لەگەڵ ئەوەی هۆی جیاوازو چاوەڕوانکراویش هەن بۆ پەرکەم لای تاکەکان لەوانەش:

- تێچکوونەکانی مۆخ لە کاتی دووگیانی و هۆکارە بۆماوەییەکان، کە ئەمەیان بە دەگمەنەو لە نێوان خزمانی پلە یەکدا روودەدات، کە دایکە دووگیانەکە مادە هۆشبەرەکان بەکاربهێنێت.
- کەمی ئۆکسجین لە کاتی لەدایکبووندا.
- دابەزین و نزمی ئاستی شەکرەو مەگنیسیۆم لە خوێندا، تووشبوون بەو هەوکردنانەی کە تووشی مێشك دەبن، وەکو هەوکردنی پەردەی مێشك و نەخۆشیەکانیش وەکو نەخۆشیی لەبیرچوونەوە (زەهایمەر) و بەرکەوتنەکان و تووشبوونە بەهێزەکانی سەر.

جۆرەکانی نۆرەی پەرکەم (أنواع النوبات الصرعية):

نۆرەی پەرکەم، جۆری جیاوازی هەیە، کە ئەو کەسانەی تووشی پەرکەم هاتوون بەری دەکەون و تووشی دەبن، ئەمەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکەو بەپێی ئەو بەشەی مێشك کە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی تەزووی لێدانە کارەباییەکان و ئەو کاتەی دەیخایەنێت لەگەڵ یەکتریدا جیاوازییان هەیە. سیستەمی هەمەجۆری پۆلین کردنی پەرکەمیش هەیە، ئەوەش بەپێی ئەو پێوەرانەی کە پشتیان پێ دەبەسترێت، بەڵام بە زۆری جەخت لە سەر دوو جۆری سەرەکییان دەکرێتەوە کە ئەوانیش نۆرەی گەورەو نۆرەی بچووکن، لەبەرئەوەی زیاتر لە ناو منداڵاندا بڵاون:

1. **نۆرەی گەورەی پەرکەم (النوبه الصرعيه الكبرى) (Grand mal seizure):**

بە بەهێزترین و مەترسیدارترین و بەربڵاوترین جۆری نۆرەی پەرکەم دادەنرێت کە تووشی منداڵان دەبێت و بە زۆریش پێش تووشبوونی هەستێکی نائاسایی باڵ بەسەر کەسەکەدا دەکێشێت و وەکو ئاگادارکەرەوەیەکە بۆ

وریاکردنەوەی کەســەکە لە رووداني حاڵەتی پەرکەمەکە، لەوانەیە نۆرەی لاوەکیش بکەوێتە پێش نۆرە گەورەکەوە، ئەم جۆرە پەرکەمەیان دەبێتە هۆی لەخۆچــوونی کەســەکەو کەوتنی بۆ ســەر زەویو وشــكو رەق بوونی، پاشــان هەژاندنو لەرزێك لە جەستەو پەلەکانەوە دەست پێ دەکەن، لەو کاتەدا کەسە تووشبووەکە هەست بە تەنگەنەفەسی دەکات، پاش ماوەیەکیش هۆشــی بۆ دەگەڕێتەوەو دەچــێتە ناو خەوێکی قووڵەوە، ئەوەش لە ئەنجامی بەخشــینو لە دەستدانی ئەو هێزو توانا زۆرو شەکەتییەی بەسەریهاتووە (الببلاوی 2010).

ماوەی نۆرەی پەرکەم لە (2-5) خولەك بەردەوام دەبێت، جێگەی ئاماژەیە کە کەم جۆرە نۆرەی پەرکەم هەیە کە لەوانەیە جارێك، یان زیاتر لە جارێك لە رۆژێکدا رووبدات، لەوانەشە ساڵی جارێك بێت (الخطیب 2010).

2. نۆرەی بچووکی پەرکەم (النوبة الصرعية الصغرى) (Petit mal seizure):

ئەم جۆرە پەرکەمەیان نیشــانەی مەترســیدارو هێزی کەمتر لە نۆرەی گەورەی پەرکەم لەخۆدەگرێت، هەندێك نیشــانەی نەخۆشــیشــی تێدایە، وەکو کرانەوەو نووقاندنی چــاو و لەخۆچــوون، ئەم جۆرەیان بە زۆری بۆ چــەند چــــرکەیەك بەردەوام دەبێتو ماوەکەی کەمتر لە خولەکێك دەخایەنێت، بە زۆریش لە تەمەنی پێگەیشــــتنو گەورەبووندا نامێنێت، یان دەگۆڕێت بۆ جۆرێکی دیکە (الخطیب 2010).

پزیشــــکانی مێشــــكو دەمار بە زۆری بە لای ئەو جۆرە پۆلینکردنانەی نۆرەکانی پەرکەمدا دەچــــن کە بەپێی پێوەرەکانی دیکەن، وەك ئەوەی (Parra) باســـی کردووەو ئاماژەی پێیان داوە، ئەو رەهەندانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

- ئەو ماوەیەی دەیخانەینێت (المده الزمینه): ئەو ماوەیەیە کە کاتی پەرکەمەکە دەیخایەنێت، کە لە نێوان چــەند چرکەیەکەو لەوانەشە بەردەوام بێت بۆ (5) خولەکیش.
- دووبارەبوونەوە (التکرار): بریتییە لە ژمارەی ئەو جارانەی نۆرەی پەرکەمەکە لە کەســێکدا رووەدات، چــونکە لەوانەیە لە رۆژێکدا بۆ چەندین جار دووبارە ببێتەوەو هەندێك جاریش لە رۆژێکدا هیچ رووناداتات.
- دەســتپێك (البدایه): لێرەدا لەوانەیە لای هەندێك کەسو لە هەندێك نۆرەی پەرکەمدا پێشــوەختە ئاماژەیەكو ئاگادارکەرەوەیەك هەبێت بۆ رووداني نۆرەی پەرکەمەکەو هەندێك جاریش هیچ ئاماژەو هێمایەکی پێشــوەختە بەدیناکرێتو رووناداتات.
- کاریگەریو شــــوێنەوار (الاثار): لێرەدا مەبەســـت لێی ئەو جوولەو کاردانەوانەیە کە لە ئەنجامی نۆرەی پەرکەمەکاندا روو بدەن، چــــونکە لە ئەنجامی هەندێك نۆرەی پەرکەمدا گرژیی گەورە دێتەئاراوەو لەوانەیە هەندێك نیشانەی جوولەییش دەربکەون، کە بریتین لە کردنەوەو داخستنی چاو بە شێوەیەکی بەردەوام، یان چاو زەقکردنەوەو سەرنجدانی بۆشاییو دەوروبەری خۆی.
- هۆیەکان (الاسباب): لێرەدا مەبەست لە هۆیەکان، ئەو هۆیانەن کە دەبنە مایەی رووداني نۆرەی پەرکەم.

- ئاســـتەنگە پەیوەســـتەکان (الاعاقات المرتبطة بها): لەوانەیە هەندێك نۆرەی پەرکەم لەگەڵ خۆیدا هەندێك ئاستەنگ لەگەڵ خۆیدا بهێنێتو هەندێکیشیان هیچ ئاستەنگێك، یان گرفتێکی تەندروستیش لەگەڵ خۆیاندا ناهێنن.
- توانای بەرزەفتکردن (امکانیە التحکم بها): لێرەدا مەبەســـت لێی توانای بەرزەفتکردنی گرژبوونو دەرهاویشتەکانی نۆرەی پەرکەمە، ئەوەش بە بەکارهێنانی داودەرمان، چ بە شێوەیەکی گشتی بێت، یان لاوەکی (Parra et al 2001).

جێگەی ئاماژەیە کە ئەو کەسانەی تووشی نۆرەی پەرکەم دەبن، وەکو کێشەیەکی تەندروستی بە زۆری خاوەن زیرەکییەکی ئاسایی‌و سرووشتین، چونکە نۆرەی پەرکەمەکان کاریگەرییان بۆ سەر توانا عەقڵییەکانی ئەو کەسانە نابێت کە تووشی پەرکەم دەبن، بەڵام لەوانەیە هاوشان لەگەڵ پەرکەمەکەدا گرفت لە چالاکی‌و جوولەی کەسەکەوە بێتە ئاراوەو رووبدات، ئەوەش بە هۆی داودەرمانی پزیشکی کە کەسی تووشبوو بە پەرکەم بەکاریاندەهێنێت، بۆیە لە سەر مامۆستای پەروەردەی تایبەت پێویستە کە زانیاری‌و شارەزایی پێویستی لە سەر چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسی پەرکەمداردا هەبێت، تاکو بتوانێت مامەڵەی دروست لەگەڵ ئەو دەستەیەدا بکات کە لەوانەیە لە کاتی رووودانی نۆرەی پەرکەمەکە کەسانی دیکەی دەستەکەش تووشی ببن.

کۆمەڵە ئامۆژگارییەکیش هەن‌و دامەزراوەی پەرکەمی ئەمەریکی پێشکەشی کردوون‌و سپێگڵ (Spiegel)یش بە شێوەیەکی پوخت بۆ مامۆستایانی رووونکردۆتەوەو بریتین لەم ئامۆژگارییانەی خوارەوە:

- پارێزگاریکردن لە کپی‌و بێدەنگی‌و دڵنیاکردنەوەی خەڵکە نزیکەکەو دوورخستنەوەی تووشبووەکە لە شوێنی مەترسیدار.
- هەوڵی بەرزەفتکردنی کەسەکە، یان راگرتنی جوولەکانی مەدە.
- یارمەتیی کەسی تووشبوو بدە بە درێژکردنی لە سەر زەوی‌و کردنەوەی دوگمەکانی کراسەکەی‌و سووککردن‌و داکەندنی هەندێك لە جلوبەرگەکانی سەرەوەی کە لەوانەیە رێگە لە بە ئاسانی هەناسەدانی بگرن.
- جوولاندنی دەموچاوی منداڵە تووشبووەکە بەملاو بەولا، تاکو بە ئاسانی زمانی بجوولێت، هەروەها هەوڵ بدە شتێك بخەیتە ژێر سەری.
- هەوڵ مەدە شتێك بخەیتە ناو دەمی کەسی تووشبوو، هەروەها هەوڵی ناچارکردنی کردنەوەی دەمیشی مەدە.
- مانەوەو جێنەهێشتنی کەسی تووشبوو، تا نۆرەی پەرکەمەکە بە شێوەیەکی سرووشتی بەریدەدات‌و کۆتایی دێت.
- هەوڵی گەیاندنی تووشبووەکە بدە بۆ ماڵەوە، تاکو رابکشێت‌و پشووبدات. (Spiegel 1996).

5. ئاوبەندیی مێشك (الاستسقاء الدماغی) (Hydrocephaly):

بریتییە لە کۆبوونەوەی ناسـرووشـتییانەی شـلەی دڕکە پەتك لە بۆشـاییەکانی ناو مێشـك، ئەمەش بریتییە لەو شلەیەی کە دەوراندەوری مێشکی داوەو خۆراکی پێ دەدات، کە دەبێتە هۆی ئاوسانو هەوکردنی مێشكو گەورەبوونی قەبارەی ئێسـکە پەیکەری سـەر، بە تایبەتیش لای منداڵانی شـیرەخۆرەی تازە لەدایکبوو، کە لەوانەیە دواتر ببێتە هۆی دواکەوتنی عەقڵی (دواکوتووی ژیری)و پەرکەمو گرفتەکانی بینین، ئەگەر بە شێوەیەکی یەکسەرو دەمودەست لە میانی نەشـتەرگەرییەوە چارەسـەر نەکرێتو ئەو شـلەیەی چۆتە ناو بۆشاییەکانی مێشکییەوە رانەکێشرێتە دەرەوە.

زۆریو بەهێزیی ئاستی تووشبوونەکە بە زۆری لە سەر رێژەی پاڵەپەسـتۆی ئەو شـلەیە راوەسـتاوە کە لە سـەر خانەکانی مێشكو ناوچە تووشبووەکانی مێشك بەجێیاندەهێلێت.

نیشانەکانی ئاوبەندیی مێشك (اعراض استسقاء الدماغ):

نیشانەکانی ئاوبەندیی مێشك بە جیاوازیی قۆناغی تەمەنی کەسی تووشبوو جیاوازییان دەبێت، نیشانەکانیش لای منداڵانی تازە لەدایکبوو بەم جۆرەی خوارەوە دەبن:

- گەورەیی قەبارەی ئێسکە پەیکەری سەر لای منداڵانو زیاتربوونی چوارچێوەی سەر، بە جۆرێك کە قەبارەکەی لە قەبارەی سرووشتی گەورەتر دەبێتو لە نێوان (30-35) سانتیمەردا دەبێت.
- زیابوونی قەبارەی تەپڵی پێشەوەو دواوەی سەری منداڵ.
- پێستی ئێسکە پەیکەری سەر نەرمو ناسك دەبێتو بینینی خوێنبەرەکان لە میانییەوە بە ئاسانی بەدیدەکرێن.
- بێهێزیو لاوازی لە ماسوولکەکانی چاو.
- گریانی بەردەوامو بە کوڵ.
- رووداني نۆرەی گرژبوون، زێدەباری باوێشکدانو رشانەوە.

بەڵام نیشانەکانی لای منداڵانی بە تەمەن گەورەتر بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت:

- گۆڕانکاری لە دیمەنی رووخسارو دوورکەوتنەوەی چاوەکان لە یەکتری.
- جوولەی نائاساییو نارێکیی چاوەکان.
- سەرئێشەی بەردەوامو گرژبوونی ماسوولکەکان.
- گرفتو کێشەی خۆراك.
- میز رانەگرتن بە هۆی لە دەستدانی زاڵبوونو بەرزەفتکردنی میزڵدان.

هۆیەکانی ئاوبەندیی مێشك:

ئاوبەندیی مێشك لای منداڵان لە ئەنجامی هەندێك هۆکاری هەمەجۆرەوە رووەدەدەن لەوانەش:

- **تەشـــەنەکردنی ئەو نەخۆشـــیو هەوکردنانەی کە تووشـــی منداڵی شـــیرەخۆرە دەبن، وەکو هەوکردنی پەردەی مێشك.**
- **تووشبوونو بەرکەوتنەکانی سەر کە منداڵانی تازە لە دایکبوو بە ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکارەوە تووشی دەبن.**
- **ئەو ئاوسانانەی تووشی مێشك دەبن.**
- **خوێنبەربوونی مێشك.**
- **بڕبڕەی کراوەی پشت.**

6. رەقبوونی هەمەجۆر (التصلب المتعدد) (Multiple sclerosis):

رەقبوونی هەمەجۆر لەو نەخۆشییانە دادەنرێت کە تووشی کۆئەندامی ناوەندیی مێشكو دەمار دەبنو کار دەکەنە ســەر بەشــێك لە مێشــك، ئەوەش بریتییە لە پەردەی مایلینە، ئەم پەردەیەش بریتییە لە پەردەیەك کە مێشــكو دەمارەکان دادەپۆشـــێتو (بریتییە لە مادەیەکی چـــەوری یارمەتی خێرایی گەیاندنی لێدانەکانی دەمارو مێشـــکە (السیالات العصبیه) دەدات لە کرۆکی مێشك (مۆخ)دوە بۆ بەشەکانی دیکەی جەستە، ئەمەش دەبێتە هۆی شڵەژانو نارێکی لە گواســتنەوەی فەرمانەکان لە مێشــکەوە بۆ بەشــەکانی دیکەی جەســتە، هەروەها لەو نەخۆشــییانەشــە کە تووشــی ژنان دەبێت زیاتر لە پیاوانو رێژەی تووشــبوونیش بە نزیکەی 2-3 کەس مەزەندە دەکرێت لە هەر 1000 حاڵەتێکی لەدایکبوون، هەتا ئێســـتاش هۆیەکانی رەقبوونی هەمەجۆر بە تەواوی نەزانراون، بەڵام توێژینەوە پزیشـــکییەکان ئاماژە بە هەندێك هۆکار دەدەن، کە لەوانەیە ببنە هۆی رووداني رەقبوونی هەمەجۆر، لەوانەش: کەمی بەرگریی جەستە، هەوکردنی ڤایرۆسیو هۆکارە بۆماوەییەکان.

ئەو کەسەی تووشی نەخۆشیی رەقبوونی هەمەجۆر ببێت، ئەم نیشانانەی خوارەوەی لێ دەردەکەوێت:



- **گرفتی بینین (مشـکلات بصـریه): خۆی لە نارِوونی بینینو جوولەی خێرای نـائیرادییـانـەی چـــاو و دووانـەیی لـە بینین (ازدواجیـه فی الرؤیة)دا دەبینێتەوە.**
- **گرفتەکانی هاوســەنگی (مشـکلات فی التوازن): خۆی لە ســەرسـووڕانو نارێکی لە جوولەی پەلەکانو گرژبوونی ماسوولکەکانو بەلاداهاتن لە کاتی رۆیشتندا دەبینێتەوە.**
- **گرفتەکانی میزکردنو پاشـەڕۆدەردان (مشـکلات فی التبول والاخراج): بریتییە لە زیادبوونی ژمارەی چـــەندجارەی میزکردن، ئەوەش بە**

هۆی بەتاڵ نەکردنی میزڵدان بە شێوەیەکی تەواو و میزکردنی خۆنەویستانەو هەندێك جاریش تووشبوون بە قەبزی.

- گرفتە رەگەزییەکان (مشکلات جنسیە): بریتییە لە لاوازیو پەککەوتنی رەگەزی.

بە زۆریش چارەسەرکردنی رەقبوونی هەمەجۆر لە رێگەی دادەرمانەوە دەبێت کە کار لە سەر سووك کردنو کەمکردنەوەی ئاستی نەخۆشییەکەو سستکردنی پێشکەوتنو گەشەسەندنی دەکات، هەرچەندە بە چارەسەرێکی کاراش دانانرێت، بەڵکو تەنها ئاستی بەهێزیو توندوتیژیی نەخۆشییەکە کەمتر دەکاتەوە.

بەزۆریش کەسی تووشبوو بەوە ئامۆژگاری دەکرێت کە لە کەشی گەرمو خۆماندووکردنی دەروونیو جەستەیی دوور بکەوێتەوەو چارەسەری سرووشتی وەربگرێت بۆ بەهێزکردنو چالاککردنی ماسوولکەکان.

دووەم- نەخۆشیەکانی کۆئەندامی ئێسك

1. قرتانو بڕینو شێواندنی پەلەکان (Amputation):

بریتییە لە لەدەستدان، یان نەمانی پەلێکی جەستە، یان بچووکی قەبارەی پەلێك، یان زیاتر بە شێوەیەکی ئاشکرا لە قەبارەی ئاسایی خۆیو تووشبوونەکانی قرتاندنو بڕینەوەو شێواندنی پەلەکانی سەرەوە زیاتر رووەدەن لە پەلەکانی خوارەوە، بەتایبەتی سکماکییەکان، واتە لە دەستەکان زیاتر رووەدەن، وەك لە قاچەکان (السرطاوي، 2010).



ئەو بڕینەوە، یان قرتاندنو شێواندنانی پەلانە، بە شێوەی سکماکی دەبێت کە ئەمەیان رێژەیەکی زۆر دەگرێتەوە، یان وەرگیراو دەبێت بە هۆی رووداونو تووشبوونەکانەوە، قرتاندنو بڕینەوەی سکماکی بە زۆری بە هۆی جیاوازەوە دەبێت، لەوانەش تووشبوونی دایکی دووگیان بە سوورێژەی ئەڵمانی، یان بەرکەوتنی بە تیشکی X، یاخود بەکارهێنانو خواردنی داودەرمان لە کاتی دووگیانی، یان بە هۆی نەگونجانی هۆکاری رایزیسیی نێوان باوان، واتە نەگونجانی خوێنی دایكو باوك لەگەڵ یەکتریدا.

بەڵام قرتاندنو بڕینەوە (البتر)ی وەرگیراو، بە هۆی کردارەکانی نەشتەرگەریەوە دەبێت، بە مەبەستی زاڵبوون بە سەر ئازار، یان تووشبوون بە ئاوسانو هەوکردنێك، یان نەخۆشیی شەکرە کە دەبێتە هۆی لاوازکردنی سووڕی خوێن، ئەمەش دەبێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشیی گانگرینا، یان لە ئەنجامی رووداوی جۆراوجۆری هاتوچۆو جەنگەکانو کۆمەڵێك هۆکاری دیکە، یاخود مامەڵەکردنی هەڵە لەگەڵ ئامێرو ئامرازە تیژەکانەوە.

قرتاندنو بڕینەوە بەپێی شوێنی قرتاندنەکە بۆ چەندین جۆر دابەش دەبێت، لەوانەش بڕینەوەی قاچو چۆكو رانو حەوزو هەتا قرتاندنو بڕینەوەی پەلەکانی سەرەوەش (دەستەکان).

ئەوانەی تووشی پەل قرتاندنو بڕینەوە هاتوون پێویستییان بە بەکارهێنانی ئامێری قەرەبوکردنەوە هەیە، وەکو دەستو پێی دەستکرد، زێدەباری خزمەتگوزارییەکانی شیاندن کە یارمەتیی قەرەبوکردنەوەی ئەو کەمئەندامییەیان بۆ دەکاتەوە.

2. خواریو چەمانەوەی بڕبڕەی پشت (الجنف –انحناء العمود الفقری Scoliosis):

بریتییە لە چەمانەوەی بڕبڕەی پشت بۆ یەکێك لە لایەکان، لای چەپ بێت، یان لای راست، بە جۆرێك کە بڕبڕەی پشت بە شێوەیەکی ستوونی نابێتو چەندین چەمانەوەی تێدا دەبێتو لە شێوەی پیتی (S)ی ئینگلیزی دەچێت یان پیتی (C)، بەمەش خواری لە پشتدا سەرهەڵدەداتو دێتە ئاراوە، بە زۆریش دەبێتە هۆی ئازارو ژانێکی بێئەندازەو گرفتی زۆری وەکو تەنگەنەفەسیو قیت نەبوونەوەو نەتوانینی رۆیشتن بە رێکیو..تاد، بۆ کەسەکە دروست دەکات، لەوانەشە ئەم چەمانەوەیە لە رووی بونیادییەوە بێت (Structure)و لە ئەنجامیشیدا کەموکوڕییەك لە بڕبڕەکانی پشتدا دەربکەون، یان نابونیادی دەبنو لە ئەنجامی گرژبوونەوەی ماسوولکە، یان خزینی کڕکڕاگەکان، یاخود بوونی جیاوازی لە درێژیی قاچەکان بە هەر هۆیەك لە هۆیەکانەوە بێت.

بە زۆریش بۆ خواریی لای راست، یان خواریی لای چەپ پۆلین دەکرێن بە پێی ئەو لایەی کە بڕبڕەی پشت بەلایدا خوار دەبێتەوە (Morning ster 2006).

بە شێوەیەکی ئاساییش ئەو خواریە لای نزیکەی 80٪ی حاڵەتە نەخۆشییەکان نادیارن، بەتایبەتیش سکماکییەکان، چونکە هۆیەکانیان هەتا ئێستا نادیارو نەزانراون، زۆربەی پزیشکەکانیش پێیانوایە کە هۆکاری (جینی) پەیوەندیی بەو نەخۆشییەوە هەیە.

خواری (الجنف) زیاتر رەگەزی مێ دەگرێتەوە وەك لە رەگەزی نێرو دەستنیشان کردنیشیان لە میانی وێنە تیشکییەکانەوە دەبێت کە لە رێگەیەوە گۆشەی خواربوونەوەکەی دەستنیشان دەکرێت.



بە پشتبەستن بە پێوانەی گۆشە چارەسەرکردنی گونجاوی هەندێك حاڵەتی خواربوونەوە دەستنیشانو چارەسەر دەکرێت، کە پێویستییان بە بەستنەوەو لە گەچگرتنیان هەیەو هەندێکیشیان پێویستییان بە کرداری نەشتەرگەری هەیە.

3. کووڕی (الحدب) (Kyphosis):

یان بە ناوی پشت کووڕی ناسراوە، کە بریتییە لە چەمانەوەیەکی بازنەیی لە بڕبڕەی پشتو ناوچەی سینگ بۆ دیوی پشتەوە، لەوانەیە ئەم چەمانەوەیە سکماکی بێتو پەیوەندیی بە شڵەژانەکانی دیکەی وەکو کورتەباڵاییەوە

هەبێت بە نموونە، یان وەرگیراو بێتو لە ئەنجامی لاوازیی ئێسك و ماسوولکەکان و نەریتی خەراپی چۆنیەتیی دانیشتن و راوەستان و خەوتنەوە رووپاندابێت، هاوکات لەگەڵ پشتکووڕیدا ئازارو ژان لە پشتدا پەیدا دەبن و ئەو ئازارو ژانە شۆڕدەبنەوە بۆ قاچەکانیش.

کووڕیی سکماکی بە زۆری لە رێگەی کرداری نەشتەرگەرییەوە چارەسەر دەکرێت، کە کار لە سەر پارێزگاریکردن لە چەمانەوەی سرووشتیی بڕبڕەی پشت دەکات، لەم کردارەشدا ئامرازی کانزایی بەکاردەهێنرێت بۆ چەسپاندن و رێك راگرتنی پشت، بەڵام کووڕیی وەرگیراو (المکتسب) لە میانی بەرنامەی مەشق و راهێنانی وەرزشی و ئامێرو داودەرمانەوە چارەسەر دەکرێت.



4. ناسکیی ئێسك، یان ئێسکەنەرمە (ترقق العظام یان الکساح Ostaeomalacia):

نەخۆشییەکەو تووشی منداڵان دەبێت بە هۆی کەموکووڕی لە نیشتەنیی کانزایی وەکو کالسیۆم و فسفۆر لە کاتی قۆناغی گەشەسەندن، لە ئەنجامی ئەوەش ئێسك فشۆڵ و پەڕپووت دەبێت و بە ئاسانی دەشکێت و خوارو شێوەی شێواو دەبێت.

کەمی ڤیتامین (D) هۆی سەرەکیی بەشێکی زۆری ئەو نەخۆشییە بەربڵاوەیە، لەبەرئەوەی ئەو ڤیتامینە یارمەتیی هەڵمژینی کالسیۆم و فسفۆری ناو خوێن دەدات و پاشانیش دەگوازرێتەوە بۆ بونیادنان و دروستکردنی ئێسك، خۆدانە بەر خۆریش بە سەرچاوەیەکی گرنگ و سرووشتیی ڤیتامین (D) دادەنرێت، بۆیە ئامۆژگاری ئەوە دەکرێت کە منداڵانی شیرەخۆرە لە ماوەی دوو ساڵی یەکەمی تەمەنیاندا بدرێنە بەر تیشکی خۆر، هەروەها شیرو بەرهەمە شیرەمەنییەکان و هێلکەو ماسی و جۆرەکانی دیکەی خواردن سەر چاوەی دیکەن بۆ دابینکردنی سەر چاوەی هەمان ڤیتامین، هۆی دیکەی ئەم نەخۆشییەش هەن، وەکو نەخۆشییەکانی جگەرو گورچیلەی درێژخایەن و.....تاد.



چارەسەرکردنی ئێسکە نەرمە، یان ناسکیی ئێسك لە حاڵەتی کەمی ڤیتامین (D) بە قەرەبوکردنەوەی ڤیتامینی ناوبراو لە رێگەی دەمەوە دەبێت، بۆ ئەمەش پێویستە بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك و لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتیکردنی پزیشکی پسپۆڕدا ڤیتامین (D) بەکاربهێنرێت، چونکە خواردنی تەندروستیی دەوڵەمەند بە ڤیتامین و مادە سوودبەخشەکانی دیکەو هاوسەنگی و خۆدانە بەر تیشکی خۆر لە هۆکارە چارەسەرییەکانی ئەم نەخۆشییەن

5. فشۆڵیی ئێسك (هشاشة العظام Osteoporosis) :

بریتییە لە کەمی بابەتە بنەڕەتیو سەرەکییەکانی ئێسك بە هۆی کەموکووڕی لە شانەکانی ئێسکەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی پەککەوتەیی و ئاستەنگ لە ئەنجامدانی ئەرکە فیزیکییەکان و لاوازیی بەرگری و پاڵپشتیکردنی جەستە (السرطاوي 2010).



ئەمەش حاڵەتێکە زیاتر تووشی ئافرەتان دەبێت وەك لە پیاوان، بە تایبەتی لە تەمەنی پەنجا ساڵی بە سەرەوەو وایان لێ دەکات بکەونە بەر مەترسیی شکانی ئێسکی جەستەیان، وەکو زانراویشە کە چڕیی ئێسك بە شێوەیەکی خۆکردەیی لەگەڵ پێشکەوتنی تەمەن کەمو لاواز دەبێت، بە زۆریش ژمارەی ئافرەتانی تووشبوو چوار هێندەی ژمارەی پیاوانی تووشبوون، فشۆڵیی ئێسکیش لە ئەنجامی زۆر هۆوە دێنە ئاراوەو سەرهەڵدەدەن، لەوانەش:

1. رەگەز: بە جۆرێك کە لە رەگەزی مێینەدا زیاترە وەك لە رەگەزی نێرینە، ئەوەش بە هۆی گۆڕانکاریی ئەو هۆرمۆنانەی کە هاوشان لەگەڵ نەمانی سووڕی مانگانەو راوەستانی بەرهەمهێنانی هۆرمۆنی ئیستڕۆجینی کاریگەر بۆ سەلامەتیو بەهێزیی ئێسك دێنە ئاراوەو روودەدەن.
2. گەورەبوونی تەمەنو بەساڵاچوون: بە جۆرێك کە دەرفەتی تووشبوون بەم نەخۆشییە لەگەڵ چوونە ناو ساڵەوە زیاتر دەبێت بۆ هەردوو رەگەز.
3. دابەزینی کێشی لەش بە رادەیەکی زۆر: بە جۆرێك کە نەخۆشییەکە لای ئەوانەی بە دەست لاوازییەوە دەناڵێنن زۆرترو زیاترە.
4. کەموکووڕیی هۆرمۆنی: بە تایبەتی هۆرمۆنەکانی رژێنی دەرەقی بۆ ماوەی درێژ.
5. خواردنەوە کحوولییەکانو جگەرەکێشانو کەمیی چالاکیی جوولەیی.

ئاماژەو نیشانەی پێشوەختەی نەخۆشییەکە هەن لە ناویاندا لەدەستدانی درێژیی جەستەو ئازارو ژانی پشتو رووداني شکان لە ساتمەو بەرکەوتنێکی سادەوە، لێرەدا لە سەر نەخۆش پێویستە پشکنینی پێویست بە تیشکی سینیو پێوانەی چڕیی ئێسك بکات بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی چوونەناو ئێسکەوەو چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییە لە میانی بەکارهێنانی ئستڕۆجینی دەستکرد بۆ ئافرەتان بە مەبەستی قەرەبوکردنەوەی کەمی هۆرمۆنی ئستڕۆجینی لە میانی بەکارهێنانی کالسیۆمو ڤیتامین (د)و ئەنجامدانی مەشقو راهێنانی وەرزشییانە.

سێیەم : نەخۆشیەکانی جومگە

1. هەوکردنی رۆماتیزمی جومگەکان (التهاب المفاصل الروماتيزمي (Rheumatoid Arthritis):

ئەم نەخۆشییە بە هەوکردنی رۆماتیزمی جومگەکان ناسراوەو نەخۆشییەکی ئێسکی درێژخایەنەو کار دەکاتە سەر جومگەکان، بە جۆرێك کە تووشـــبوون لە رێگەی ڤایرۆســـەکانەوە تووشـــی جەســـتە دەبێتو بەرگریی تەواو دژی نەخۆشـــییەکە لەدەســـت دەدات، تووشـــبوونەکەش پەیتا پەیتا زیاد دەکاتو دەبێتە مایەی هەوکردنی جومگەکانو ئازارو ژانێکی زۆرو بێئەندازە کە ئەویش دەبێتە مایەی لەدەستدانی توانای جوولەو بەرهەمکاری.

هۆی راســتەقینەی ئەو نەخۆشــییە تا ئێســتاش نەزانراوە، زێدەباری ئەوەی هۆکاری بۆماوەیی لەوانەیە رۆڵی خۆی بگێڕێت، زێدەباری چوونە ناو ساڵەوەو قەڵەویش لەو هۆکارانەن کە بەشداری لە تووشبوون بەو نەخۆشییە دەکەن.

ئەم هەوکردنە زیاتر تووشـــی رەگەزی مێینە دەبێت، وەك لە نێرینە، نیشـــانەکانیشـــی ســـەرەتا بە ماندووبوونو شـــەکەتی دەســـت پێ دەکەن، لەگەڵ وشـــکبوونی جومگەی تووشـــبوو و ســـنووردارکردنی جوولەی، لەگەڵ ئازارو ئاوسانێکی زۆریش.

ئەو ئاوســـانەش لە میانی بەکارهێنانی دژە زیندەگییەکانو ئارامبەخشـــەکانو دابەزاندنی کێشـــی زیادەو دوورکەوتنەوەو خۆلادان لە ماندووکردنی جومگەکانو خۆراکی هاوســـەنگ چـــارەســـەر دەکرێت، لەوانەشـــە ئەمە پێویستیی بە چارەسەرکردنی سرووشتیو لە گەچگرتنو کرداری نەشتەرگەریش هەبێت.

2. ترازانی سکماکیی سمت (سێبەندە) (خلع الورك الولادي) (Congenital Dislocation of Hips):

ئەمە بە زۆری تووشـــی منداڵانی تازە لەدایکبوو دەبێت، کاتێك ســـەری ئێســـکی ران لە سمتدا لە دەرەوەی بۆشـــایی سرووشتیی خۆی دەبێت، ئەمەش پێویستیی بە دەستنیشانکردنی پێشوەختە هەیە، لەبەرئەوەی دەستنیشانکردنی پێشـــوەختە بە ئەنجامی ئەرێنی بۆ منداڵ دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی ئەگەر دەســـتنیشـــانکردنی دوابکەوێت ئەو کاتە کاریگەریو شـــوێنەوارەکانی لەوانەیە بە درێژایی ژیانی منداڵەکە بەردەوام بێتو لەگەڵیدا بێتو کار بکاتە ســـەر رێکردنو رۆیشتنو راپەڕاندنی کارەکانی سەرشانی بە شێوەیەکی ئاساییو تەواو. (السرطاوي 2010).



رێژەی تووشـــبوون بەم حاڵەتە دەگاتە نزیکەی یەك حاڵەتی تووشـــبوون بەرانبەر هەزار حاڵەتی لە دایکبوون (1: 1000) بـە زۆریش رەگـەزی مێیینـە بـە رێـژەی زۆرترو زیاتر تووش دەبن، لە رەگەزی نێر، ئەوەش بە هۆی بوونی هۆرمۆنەکان کە دەبنە مایەی خاوبوونەوەو شـــلبوونەوەی جومگەکان لای رەگەزی مێیینە، ئەمەش

وایان لێ دەکات زیاتر بکەونە بەر تووشبوونی داترازانی سمت.

هۆی ترازانی سمت دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارەکانی (هۆکاری بۆماوەیی، دۆخی کۆرپەڵە لە ناو منداڵدانی دایك و کەمی شلەی ئەمنیوسی لە دەوری کۆرپەڵە). دەستنیشانکردنیشی لە میانی پزیشکی منداڵانەوە دەبێت راستەوخۆ دوای لەدایکبوونی لە رێگەی پشکنینی پزیشکییەوە، جا ئەگەر پزیشك گومانی لە بوونی حاڵەت و نەخۆشییەکی وا کرد، پەنا دەباتە بەر وێنەگرتنی منداڵ بە تیشکی سینی.

ترازانی سمت لە میانی دانانی هەندێك ئامێرەوە چارەسەر دەکرێت کە یارمەتی چەپاندن و جێگیرکردنەوەی جومگەی منداڵەکە دەدەن، یان لە رێگەی لە گەچگرتن و کرداری نەشتەرگەرییەوە.

چوارەم : پێکان و نەخۆشیەکانی ماسولکە (الاصابات العجلیه)

1. داهێزرانی ماسوولکەیی (Muscular Dystriophy):

نەخۆشییەکی ماسوولکەیی بۆماوەییە، تیایدا ماسوولکەکان بە شێوەیەکی لەسەرخۆو پەیتا پەیتا لاواز دەبن و دادەهێزرێن، ئەمەش لە ئەنجامی کەموکووڕیی پرۆتینی ماسوولکەکان دێنە ئاراوە کە پێویستن بۆ بونیادنانی ماسوولکەی دروست، بەمەش خانەو شانەی ماسولکەکان دەمرن و کەسی تووشبوو هەتا توانای رۆیشتن و دانیشتنیشی نامێنێت.

کۆمەڵە نیشانەیەکیشی هەیە، لەوانەش لاوازیی ماسوولکەکان و ئازارو ژانی قاچەکان و ئاستەنگی و زەحمەتی لە رۆیشتن و هەناسەدان و کەوتنی بەردەوام.



لە میانی پشکنینە پزیشکییەکانیشەوە دەستنیشان دەکرێت و چاوگەنموونە بۆ پشکنین لە ماسوولکەکانەوە وەردەگیرێت و کەرتێکی لێ دەکرێتەوە بە مەبەستی تاقیکردنەوەی دی ئێن ئەی (DNA). (Hallahan. Et al 2006) ئاماژە بەوە دەکات کە چارەسەرنەکردنێکی کارای ئەم نەخۆشییە لە سەردەمی ئێستاماندا مایەی سەرسووڕمان نییە، لەبەرئەوەی میکانیزمە بایۆلۆژییەکانی نادیارو نەزانراون.

داهێزرانی ماسوولکەیی (الحثل العضلي) جۆری جیاوازی هەیە، لەوانەش داهێزرانی دوشین (Duchenne muscular) کە تووشی رەگەزی نێر دەبێت، لەبەرئەوەی کەموکووڕیی جینی پەیوەستە بە کرۆمۆسۆمی رەگەزی (X) و وەکو خەسڵەتێکی هەلگیراو بۆ رەگەزی نێر دەگوازرێتەوە، ئەمەش زیاتر لە ناوچە عەرەبییەکاندا بلاوەو زیاتر ماسوولکەکانی حەوز تووشی دەبن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاستەنگیی جوولەو مردنی پێشوەختە، تەوەزەلی و مانەوە لە سەر جێگە لەو کارە گرنگانەن کە دەبنە مایەی دژواربوونی نەخۆشییەکەو پێویستیی نەخۆش بە چارەسەرکردنی سرووشتی و هەتا نەشتەرگەریش پێویست دەبێت.

2. **بێهێزیی ماسوولکەیی (الوهن العضلي) (Myasthenia Gravis):**

حاڵەتێکی دەگمەنی شـــڵەژانی بەرگریی خودی ماســـوولکەکانە، بە جۆرێك کە تیایدا ماســـوولکەکان وەڵامی فەرمانەکان بە گرژبوون نادەنەوە، بەمەش لەڕو لاواز دەبن، ئەم نەخۆشـــییە زیاتر تووشـــی ئافرەتان دەبێت وەك لە پیاوان، بە زۆریش تووشی ماسوولکەکانی دەموچاو و باڵەکانو قاچەکان دەبێت.

تا ئێستا هۆیەکی دیاریکراو بۆ ئەم نەخۆشـییە نەزانراوە، کەچی هاوشـان لەگەڵ نەخۆشـیی دیکەدا دەردەکەوێت، وەکو هەوکردنی جومگەی ژانگرتوو (المفصل الرثياني) و ئەوانیتر.

نەخۆش نیشانەی جیاوازی لێ دەردەکەوێت، وەکو ئاستەنگی جوینی خواردنو قووتدانو هەستکردن بە شلوخاویو شەکەتیی زۆر لە کاتی ئەنجامدانی مەشقو راهێنانی وەرزشی، زێدەباری دووانەیی بینین (الازدواجية في الرؤية). دەستنیشان کردنیش لە رێگەی پشکنینەکانو شیکارییە جیاوازەکانو تیشکی سینییەوە دەبێتو چارەسەرکردنیشی لە میانی داودەرمان دەبێت کە هێرشو پەلاماری سەر نەخۆشییەکە کەم دەکەنەوە.

پێنجەم- نەخۆشییە درێژخایەنەکان (الامراج المزمنه) (Chronic Diseases):

چەندین نەخۆشـیی درێژخایەن هەن کە منداڵان بەدەسـتیانەوە دەنالێننو لەگەڵیاندا پێویسـتییان بە چاودێریی تەندروسـتیی بەردەوامو بایەخدانی تایبەت هەیە لە لایەن کەسـوکارو مامۆسـتایانەوە، لەو نەخۆشـییانەش ئەمانەی خوارەوە بەشێکیانن:

1. **شەکرە (السکری) (Diabetes Mellitus):**

نەخۆشی شەکرە بەوە پێناسە دەکرێت کە شڵەژانێکە لە کرداری سووتاندنی شەکر لە خوێندا دێتە ئاراوە، ئەوەش بە هۆی کەمی هۆرمۆنی ئەنسـۆلین کە رژێنی بەنکریاس دەیڕژێنێتو دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی چـڕیی شـەکر لە خوێن، ئەم زیادبوونەش دەگەڕێتەوە بیۆ بوونی هۆرمۆنی ناوبراو، یان کەمبوونی، یاخود زیابدوونی ئەو هۆکارانەی کاریگەرییەکەی کەم دەکەنەوە. شـەکرە لەو نەخۆشـییە مەترسـیدارانەیە کە دەبێتە هۆی دەرهاویشـتەی دژوار لە حاڵەتی نەبوونی چارەسەرکردن بە شێوەیەکی رێکوپێك، لەوانەشە ببێتە هۆی مردنی پێشوەختە.

راپۆرتە پزیشـکییە جیهانییەکان ئاماژە بە ژمارەی تووشـبووانی نەخۆشـیی شـەکرە دەکەن لە جیهان کە بە 200 ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت، ئەمەش ژمارەیەکی زۆر گەورەیەو شایانی زیاتربوونیشە (البلاوی 2010).

رێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) ئاماژە بە سێ جۆری سەرەکیی نەخۆشیی شەکرە دەکات: کە نەخۆشیی شـەکرەی جۆری یەکەمو دووەمو نەخۆشـیی شـەکرەی دووگیانیە، ئەم سـێ جۆرە لە یەکتری دەچـن، بە هۆی ئەوەی پەنکریاس توانای بەرهەمهێنانو رژاندنی رێژەی تەواوی ئەنســـۆلینی نابێت، هۆیەکانی ئەم کەموکووڕییەش بە جیاوازی جۆرەکانیانەوە جیاوازییان دەبێت.

لە جۆری یەکەم، ڕژاندنی ڕێژەی تەواوی ئەنسۆلین بە هۆی تێکچوونی خانەکانی پەنکریاسەوە مسۆگەرو دابین نابێت، لە جۆری دووەمیشدا لە شانەکاندا بەرگری لە ئەنسۆلین دەکرێتو کاری دەکاتە سەر، بە واتای ئەوەی شانەکان وەڵامی کاریگەریی ئەنسۆلین نادەنەوە، لێرەدا جەستە پێویستیی بە ڕێژەیەکی زۆرو سەرووی ئاستی سرووشتییەوە دەبێت، بەمەش نیشانەکانی نەخۆشیی شەکرە دەردەکەون، نەخۆشیی شەکرەی دووگیان (سکری الحمل)یش هەیە، تیایدا ئەنسۆلین بە هۆی هۆرمۆنەکانەوە کە لە لایەن دایکی دووگیانەوە دەڕژێندرێتو دەبێتە هۆی بەرگریکردنی شانەکانو ڕێگریکردن لە ئەنسۆلین.

کاتێکیش ڕێژەی ئەنسۆلین کەم دەبێت، جەستە هەوڵی سووتاندنی شەکر دەداتو ناتوانێت، بەمەش ئاستی شەکر لە خوێندا بەرز دەبێتەوە، وەکو پەرچەکردارێکیش گورچیلە دەیەوێت لەو شەکرە زۆرەی خۆی دەربازی بێت، ئەوەش لە ڕێگەی میزکردنەوە، بەمەش تاك هەست بە تێنوێتیی بەردەوامو زۆر دەکات، بۆیە دەست بە خواردنەوەی ڕێژەیەکی زۆری شلەمەنییەکان دەکاتو جەستەش دەست بە سووتاندنی چەورییەکان دەکات بۆ پێدانی وزەو قەرەبوکردنەوەی شەکرە، بەمەش مرۆڤ هەست بە برسێتی دەکاتو بڕە خواردنێکی زۆر دەخوات وێڕای ئەوەش کەسی تووشبوو کێشی خۆی لەدەست دەداتو هەست بە شەکەتیو ماندووبوونیش دەکات، تێکڕای ئەمانەش نیشانەو بەڵگەی نەخۆشیی شەکرەن .

نەخۆشیی شەکرە بە زۆری بە هۆی جیاوازەوە بەرهەم دێت، کە ئەمانەی خوارەوە بەشێکی ئەو هۆیانەن:

- هۆکاری بۆماوەیی: هۆکاری بۆماوەیی ڕۆڵی خۆی لە تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە لە جۆری یەکەمو دووەم دەگێڕێت.
- قەڵەوی: قەڵەویش ڕۆڵی خۆی لە تووشبوون بە جۆری دووەمی نەخۆشیی شەکرە دەبینێت.
- ئەو نەخۆشیو هەوکردنانەی کە تووشی پەنکریاس دەبن.
- چوونە ناو ساڵەوە: دەرفەتی تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە لە جۆری دووەم لەگەڵ چوونە ناو ساڵەوە زیاتر دەبێت.

دەستنیشان کردنی نەخۆشیی شەکرە لە میانی نیشانە دیارەکانو ئەنجامدانی پشکنینو شیکارییە نۆڕینگەییەکانەوە دەبێت، کە بڕی کاربۆهێدراتو نیشاستەی جەستە بەرزەفت دەکات.

چارەسەرکردنی نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم لە میانی کوتانو پارێزکردن لە خواردنو دابەزاندنی کێشو ئەنجامدانی مەشقو ڕاهێنانی وەرزشییەوە دەبێت.

هەندێك زانیاریش هەن کە پێویستە مامۆستایانو قوتابیانیش لە قوتابخانە دەربارەی نەخۆشیی شەکرە بیانزانن، لەوانەش:

- نەخۆشیی شەکرە نەخۆشییەکی کوشندە نییە، بەڵام ناشتوانرێت بە تەواوی لێی دەرباز بیت، بەڵام دەکرێ بەسەریدا زاڵبن.

- دڵنیابوون لەوەی کە قوتابی تووشبوو ژەمە سووکێکی خواردنی لە کاتی پشوودا خواردووەو بۆ ئەمەش کاتی تەواوی پێبدرێتو پەلەی لێ نەکرێت.
- سەرنجدانو شارەزایی لە جۆری نەخۆشیی شەکرەو چارەسەری بەکارهێنراو بۆی (الببلاوی 2010).

دەبێ ئاماژەش بەوە بکرێت کە نەخۆشـــیی شـــەکرە چـــەندین دەرهاویشـــتەی هەیە لە حاڵەتی رێکنەخســـتنی چارەسەری بە شێوەیەکی رێکوپێك، لەو دەرهاویشتانەش:

نەخۆشیەکانی دڵو خوێنبەرەکانو پەککەوتنی تێکچوونی تۆڕی چاو و شکستی گور چیلەو سستیو بە زەحمەتی ســارێژبوونەوەی برین، کە ئەمەش دەبێتە هۆی تووشــبوون بە گانگری کە لەوانەیە ببێتە هۆی بڕینەوەی ئەندامی تووشبوو. (الخطیب 1988).

2. تەنگەنەفەسی (الربو) (Asthma):

نەخۆشییەکی هەناسەدانی بەربڵاوە، لە ئەنجامی هەوکردنی درێژخایەنی بۆڕییەکانی هەناسەدانەوە بەرهەم دێتو دەبێتە مایەی گیرانی ئەو بۆڕییانەو ئەمەش دەبێتە هۆی ئاستەنگی لە هەناسەدانو کۆخەو شاردنەوەو مانەوەی لە ســینگ (کتمه فی الصــدر) ئەوەش لە ئەنجامی پەرچــەکرداری هەســتەوەری تۆز، یان گەردیلەی پێکوتە، یاخود بۆنی دووکەڵو زۆرێك لە بۆنەکانی دیکەش.



تــەنگــەنــەفــەســـــی نــابێتــە هۆی گیرانو داخســـــتنی بۆڕییەکانی هەوا، بەڵام ئەو کەســـانەی جگەرە دەکێشـــن توانای پەرەپێدانی گۆڕانکاریی درێژخایەنو دژواریان هەیە.

تەنگەنەفەســـــی بە هۆی هۆکاری بۆماوەییش بەرهەم دێتو دێتەئاراوە، چونکە هۆکاری بۆماوەیی رۆڵی خۆی لە تووشـــبوون بەو نەخۆشـــییە دەگێڕێتو هاندەری زۆریش هەن بۆ دەرکەوتنی، لەوانەش هەســـتیاری بەرانبەر ئەو بۆنانەی هەستیارییان تێدایەو تووشبوونی کۆئەندامی هەناسەدان بە ڤایرۆسەکانو ئەوانیتر.

تەنگەنەفەسی لە رێگەی داودەرمانی پزیشـکییەوە چـارەسـەر دەکرێت، کە لە رێگەی دەمەوە وەردەگیرێن، یان لە میانی ئامێری پرژێنەر (بخاخ)و هەناســـەدانو هەڵمژینەوە، ئەمەش کار لە ســـەر فراوانکردنی بۆڕییە هەواییەکان دەکات، هەروەها لە میانی خۆلادانو دوورکەوتنەوەو خۆپاراســـتن لە تۆزو خۆڵو دووکەڵو بۆنی ورووژێنەری هەستیارییەوە چارەسەر دەکرێت.

3. تێکبەستەی کەمی بەرگریی وەرگیراو (الایدز) (متلازمه نقص المناعه المكتسبه)

(Acquired Immunce Deficiency Syndrome)

نەخۆشییەکە تووشی کۆئەندامی بەرگری دەبێت لای مرۆڤ، ئەمەش ڤایرۆسێك دروستی دەکات پێی دەگوترێت ڤایرۆسی کەمی بەرگری مرۆیی (HIV) (Human Immunodeficiency) بە جۆرێك کە تووشبوون بەو ڤایرۆ سە دەبێتە هۆی لەدەستدانی هێواش‌و لە سەرخۆی بەرگریی جەستەو وا دەکات کە سی توو شبوو بکەوێتە بەر نەخۆشییەکان‌و ئاوسان‌و هەوکردنەکان، چونکە بەرگری لەشی کەم دەبێت‌و نامێنێت.

ڤایرۆسی (HIV) لە رێگەی ئامرازی جیاوازەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەسەکان:

- پەیوەندیکردنی رەگەزیی (سێکسی).
- کردارەکانی گواستنەوەی خوێنی پیسبوو.
- بەکارهێنانی دەرزیی کوتانی پیسبوو بە نەخۆشی.
- گواستنەوەی لە دایکی دووگیانی تووشبوو بە ڤایرۆسەکەوە بۆ کۆرپەلەکەی لە قۆناغی دووگیانی، یان شیرپێدانەوە.
- نەخۆشیی ئایدز لە نەخۆشییە کوشندەو بکوژەکانە، چونکە تا ئێستا چارەسەرییەکی تەواوی نییەو ئامرازە بەکارهێنراوەکانی چارەسەرکردنیش توانای چارەسەرییان نییە،.

کەسی تووشبووی نەخۆشیی ئایدز کۆمەڵە نیشانەیەکی لێ دەردەکەون، لەوانەش تاو شەڵەژانی دڵ‌و نۆرەی گرژبوونی ماسوولکەکان‌و لەدەستدانی کێش‌و ئاستەنگیی هەناسەدان‌و سکچوون‌و کۆخەو ئاستەنگەکانی جوولەو زمانەوانی‌و هەوکردنە بەردەوام‌و دووبارەبۆوەکان. (الخطيب 2009).

لە تێگەیشتنە هەڵەکان سەبارەت بە ئایدز ئەوەیە کە گوایە توانای گواستنەوەی لە میانی کارلێکی ئاسایی لەگەڵ کەسی نەخۆش‌و تووشبوودا هەیە، ئەمەش راست نییە، چونکە ئەمە دەبێتە مایەی دوورکەوتنەوەو خۆلادان لە کەسە تووشبووەکان لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوەو کاریگەریی نەرێنیشی بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت.

لەگەڵ زانینی ئەوەی کە تا ئێستا هیچ حاڵەتێکی تووشبوون لە ئەنجامی مامەڵەکردنی نافەرمییەوە تۆمار نەکراوە، ئەوەش لە سۆنگەی زەحمەتی‌و ئەستەمی چارەسەرکردنی کەسی تووشبوو بە ڤایرۆسی (HIV)، خۆپارێزیش لە بەرکەوتنی ئەو پەتایە بە یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکان دادەنرێت لە پێناوی بەرزەفتکردنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە، بەمەش رێکخراوە تەندروستییەکان بەوە ئامۆژگاری خەڵکی دەکەن کە دەمودەست ئەو دەرزی‌و پێکوتە بەکارهێنراوانەو دەستکێش‌و ئامرازی خۆپارێزییانە لە کاتی گواستنەوەی خوێن فڕێبدرێن‌و خۆدوورخستنەوەش لە مادە هۆشبەرەکان‌و پەیوەندییە رەگەزییە نەشیاو و قەدەغەکراوەکان.

4. **تێکچوونەکانو نەخۆشییەکانی دڵ (تشوهات وأمراض القلب) (Heart Defects):**

- **تێکچوونی سکماکیی دڵ (تشوهات قلبیه خلقیه): کۆرپەڵە لە ناو منداڵدانی دایکیدا بە هۆی جیاوازەوە تووشی دەبێت، لەوانەش: بەکارهێنانو خواردنی داودەرمان ، یان بەرکەوتنی بە تیشك لە مانگە یەکەمەکانی دووگیانی، یان بە هۆی شـــەکرەی دووگیانییەوە، یاخود تووشـــبوونی دایکی دووگیان بە هەوکردنو نەخۆشـــیی (الزهری- سفلیس)و سووریژەی ئەڵمانیو ملەخرە، یان هۆکاری بۆماوەییو هەندێك هۆی دیکەش.**
- **نەخۆشـــییە وەرگیراوەکان (الامراض المکتســـبه): ئەم نەخۆشـــییە دوای لە دایکبوون تووشـــی منداڵ دەبێت، لەوانەش رەقبوونی خوێنبەرەکان لای منداڵانو نەخۆشییەکانی دیکەش.**

نەخۆشەکە نیشانەی جیاوازی نەخۆشییەکەی لێ دەردەکەوێت، لەوانەش شین هەڵگەڕانی جەستەو ماندووبوونی زۆرو دژوار لە کاتی شیرەخۆرەیی، یان بەخشینی توانای جەستەیی زۆرو ئاستەنگی هەناسەدان، زێدەباری خێرایی لێدانی دڵ (الببلاوی 2010)، نەخۆشییەکانی دڵو تێکچوونەکانی لە میانی کرداری نەشتەرگەرییەوە چارەسەر دەکرێن.

5. **نەخۆشییەکانی خوێن (أمراض الدم):**

نەخۆشـــییەکانی خوێن زۆرو هەمەجۆرنو هەندێکیان درێژخایەننو پێویســـتییان بە چـــارەســـەرکردنی بەردەوام هەیە، لەو نەخۆشییانەش ئەمانەی خوارەوە:

- **هیمۆفیلیا** Hemophilia.
- **ئەنیمیای داسووکەیی** Enemia sickle cell.
- **تالاسیمیا** Thalassemia.

1. **هیمۆفیلیا (Hemophilia): یان ئەوەی بە نەخۆشیی خوێنبەربوون ناسراوە، ئەویش نەخۆشییەکی بۆماوەیی درێژخایەنە، دەبێتە هۆی کەمی لە هۆکارەکانی مەیین، یان خەســتبوونەوەی خوێن، کاتێك کەســێکی تووشــبوو تووشی برینێك دەبێت، خوێنەکەی خەست نابێتەوەو بۆ ماوەیەکی درێژ خوێنی لێ دەڕوات.**

هیمۆفیلیا بە هۆی بۆماوەییەوە دێتەئاراوەو لە باوانەوە بۆ ڕۆڵەکانیان دەگوازرێتەوە، لەوانەیە نیشانەکانیشی دەرنەکەون، تەنها دوای ساڵی دووەم، یان ساڵی سێیەمی تەمەن نەبێت.

هیمۆفیلیا چـــەندین جۆری هەیە، وەکو هیمۆفیلیای (أ) کە بەربڵاوترینیانەو لە ئەنجامی کەمی هۆکاری خەستبوونی خوێنی ژمارە (8) بەرهەم دێت، هیمۆفیلیای (ب)یش بە هۆی کەمی هۆکاری خەستبوونەوەی ژمارە (9) بەرهەم دێت. (الخطیب 2009).

منداڵی تووشبوو نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە لە سەر دەردەکەوێت، لەوانەش خوێنبەربوون بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر و دەرکەوتنی شـــینهەڵگەڕان لە پەلەکان، لەوانەشـــە خوێنبەربوون لە جومگەکانەوە رووبدات، بە

تایبەتیش لە چۆکەکان، ئەمەش وا لە کەسی تووشبوو دەکات بە دەست وشکبوونو لاوازبوونی ماسوولکەکانی جەستەیەوە بنالێنێت، کە ئەمەش دەبێتە مایەی ئاستەنگی جوولەیی بۆی.

هیمۆلیفیا لە رێگەی بەکارهێنانی دانانی بەفر لە سەر شوێنە تووشبووەکە چارەسەر دەکرێت، ئەوەش لە کاتی رووداني خوێنبەربوون، لەگەڵ وەرگرتنی چارەسەری ئارامبەخشو ئازارشکێن، هەروەها لە میانی وەرگرتنی پرۆتینی خەستبوونەوەی گونجاو لە رێگەی خوێنهێنەرو شادەمارەوە بۆ یارمەتیدانی خەستبوونی خوێن لە حاڵەتی خوێنبەربوون.

2. ئەنیمیای داسووکەیی (الانیمیا المنجلیه) (Enemia): کەمخوێنیشی پێ دەڵێن، یەکێکە لە جۆرەکانی کەمخوێنی، نەخۆشییەکی بۆماوەییە تووشی خڕۆکە سوورەکانی خوێن دەبێتو دەبێتە هۆی شکاندنیانو شێوەی داسووکە، یان کەوانە وەردەگرێت لە جیاتی شێوەی بازنەیی. زێدەباری ئەوەش شێوەی ناسرووشتی وای لێ دەکات لە ناو بۆڕیچەی خوێندا توانای جوولەی بە ئاسانی نەمێنێت، بۆیە هەموو پێکەوە کۆدەبنەوەو ئەو بۆڕیچانە دادەخەنو لە لایەك هورژمی خوێن تیایدا کەم دەبێتەوەو لە لایەکی دیکەشەوە خڕۆکە داسووکەییەکانی خوێن ئۆکسجین بۆ خانەکانی جەستە هەڵناگرنو ناگوازنەوە، بە بێ بوونی ئۆکسجینیش ئەندامەکانی جەستە زیانیان بەردەکەوێت، ئەمەش دەبێتە هۆی تووشبوونی کەسەکە بە قەیرانەکان، یان نۆرەکان (ألنوبات)، یاخود هەوکردەکان، هەروەها تووشی کەموکووڕی دەبێت لە دڵو ئازاریش لە جومگەکانو ئێسكو هەڵئاوسانی سپڵو دەرهاویشتەی هەمەجۆری دیکەش، ئەم ئەنیمیایە لە میانی خواردنو بەکارهێنانی ئارامبەخشەکانو کرداری گۆڕینی مۆخی ئێسك بە کرداری نەشتەرگەری کە تێچوویەکی زۆری دەوێتو مەترسیی زۆریشی هەیە، چارەسەر دەکرێت (البیلاوی 2010).

نەخۆش بەوە ئامۆژگاری دەکرێت کە ئەو خواردنانە بخوات کە رێژەی زۆری ئاسنیان تێدایە، وەکو جگەرو گورچیلەو سپڵ، هەروەها بەوەش ئامۆژگاری دەکرێت کە ماسیو زەردێنەی هێلکەش بخواتو شلەمەنییەکانیش زۆر بخواتو ترشەمەنیی فۆلیكو شیرو بەرهەمەکانیشی بخواتەوە، ئەوەش بە هۆی بوونی توخمی کالیسیۆم لە ناویان کە یارمەتیی هەڵمژینی ئاسن دەدات.

3. تالاسیمیا (Thalassemia) (کەمخوێنیی دەریای سپی ناوەڕاست): نەخۆشییەکی بۆماوەییەو لە ئەنجامی کەموکووڕی لە جینەکاندا سەرهەڵدەداتو دەبێتە هۆی کەمخوێنیی درێژخایەنو زیاترینو بەربڵاوترینی نەخۆشییە بۆماوەییەکانیشە لە جیهاندا.

کەسی تووشبوو بە نەخۆشیی تالاسیمیاوە لە دایك دەبێت، ئەوەش لە ئەنجامی هاوسەرگیریی نێوان دوو کەسی هەڵگری نەخۆشییەکە (پیاو و ئافرەت کە هەردووکیان هەڵگری نەخۆشییەکەن)و کەسی هەڵگری نەخۆشییەکە نیشانەو دیاردەی نەخۆشیی لێ دەرناکەوێت، بەڵام دەکرێ دەستنیشان بکرێت، ئەوەش لە میانی شیکارییە پزیشکییەکانەوە.

تالاسیمیا کاریگەری بۆ سەر دروستکردنی خوێن هەیە، چونکە مادەی هیمۆگلۆبین لە خڕۆکە سوورەکانی خوێن دەستەپاچەیە لە ئەنجامدانی ئەرکی خۆی لە هەلگرتن‌و گواستنەوەی ئۆکسجین.

تالاسیمیا لە رێگەی بۆماوەییەوە بەرهەم دێت‌و لە باوانەوە بۆ رۆڵەکان دەگوازرێتەوە، ئەو کەسەی تووشبووە رەنگی هەڵدەبزڕکێت‌و زەرد هەڵدەگەڕێت‌و توانای خواردن لەدەست دەدات‌و تووشی سکچوون‌و رشانەوەو هەڵئاوسانی سپڵ دەبێت.

تالاسیمیا بۆ دوو جۆر دابەش دەبێت، تالاسیمیای گەورە کە نیشانەکانی لە سەر نەخۆش دەردەکەون‌و تالاسیمیای بچووك کە نیشانەی نەخۆشییەکە لە سەر کەسی تووشبوو دەرناکەوێت، تا ئێستاش چارەسەرێکی تەواوی بۆ نەدۆزراوەتەوە، بەڵام لە میانی کردارەکانی گواستنەوەی خوێن بە شێوەی مانگانە چارەسەری کاتی بکرێت بۆ پارێزگاریکردنی هیمۆگلۆبینی خوێن بە ئاستی گونجاو (ئەگەر خوێنیش بۆ کەسە تووشبووەکە نەگوازرێتەوە، ئەوا چاوەڕوانیی مردنی نەخۆشەکە لە تەمەنێکی پێشوەختەدا دەکرێت). هەروەها لە میانی داودەرمان‌و ڤیتامینەکانیشەوە، زۆر پێویستیشە کاری پشکنین پێش هاوسەرگیری ئەنجام بدرێت بۆ دووركەوتنەوەو خۆلادان لە لەدایکبوونی منداڵانی ئەوتۆ کە بە دەست ئەو نەخۆشییەوە بناڵێنن، دەمێکیشە گوتراوە (درهەمێکی خۆپارێزی لە دینارێکی چارەسەرکردن باشترە).

جێگرەوە پەروەردەییەکانی قوتابییانی خاوەن پەککەوتەی جەستەیی‌و تەندروستی :

ئەستەمە جێگرەوەی پەروەردەیی گونجاو بۆ ئەم دەستەیە دەستنیشان بکرێت، ئەوەش بە هۆی جیاوازیی گەورەی نێوان تاکەکانییەوە، بۆیە ئەو بارودۆخە پەروەردەییانەی کە دەکرێ تیایاندا خاوەن ئاستەنگە جەستەیی‌و تەندروستییە هەمەجۆرەکان فێربکرێن، بەپێی هۆکارە جیاوازەکان هەموو جێگرەوەکان دەگرێتەوە، لەوانەش:

- دژواریی ئاستەنگەکە.
- ئاستی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان لە ژینگەی ناوخۆییدا.
- ئاستی دابینکردنی خزمەتگوزارییە پاڵپشتیکارەکان، وەکو چارەسەری سرووشتی‌و چارەسەری ئەرکداری.
- ئاستی دابینکردنی دەزگای قەرەبوکاریی ئامرازە یارمەتیدەرەکان (البلاوی 2010).

دەکرێ هەموو جێگرەوە پەروەردەییەکان گونجاو بن لە پۆلی ئاسایی‌و ژووری سەرچاوەکان‌و پۆلی تایبەت‌و قوتابخانە تایبەتەکانی رۆژو فێرکردنی ماڵەوە، یان نەخۆشخانەو مەڵبەندەکانی نیشتەجێکردنی تەواو.

دەتوانین جێگرەوەی پەروەردەیی گونجاو لە بەر رۆشنایی گۆڕانکارییەکانی پێشووتر دەستنیشان بکەین، بە زۆریش پۆلی ئاسایی بۆ ئەو تاکانەی خاوەن ئاستەنگی جەستەیی‌و تەندروستین لەبارو گونجاون، ئەوانەی توانای عەقڵیی ئاساییان هەیەو ئامرازە پاڵپشتیکارەکانی جوولەیی بەکاردەهێنن‌و لە سەر کورسی‌و بە گۆچان‌و لە سەر قاچە

دەســـتکردەکان رێ دەکەن‌و لە شـــوێنێکەوە دەچـــنە شـــوێنێکی دیکە، هەر حاڵەتێکیش بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی دەورانـدەوریان داوە مەزەندە دەکرێت.

رێکخستنی ژینگەی ناوپۆل (تنظيم البيئه الصفيه):

وانەگوتنەوە بە منداڵانی خاوەن ئاســـتەنگی جەســـتەیی‌و تەندروســـتی پێویســـتییان بە هەندێك پێداویســـتیی بنـەڕەتی‌و ســـــەرەکی هـەیـە لـە نـاو ژووری پۆل بۆ دابینکردنی رێژەی تـەواوی جوولـەو هـاتوچـــۆ، لـەوانـەش هەموارکردنەوەو دەســـتکاریکردنی تەلاری قوتابخانەو ژووری پۆل‌و کەلوپەل‌و کەرەســـتەی بەکارهێنراو، هەروەها لە رێکخســـــتنی کەلوپەلی ناو ژوور لە پێناوی ئامادەکردنی ژینگەیەکی پۆلی گونجاو بۆ ئەو تاکانەی ئاســـــتەنگیی جەســـتەییان هەیەو رێژەی گونجاوی ســـەربەخۆیی جوولەو گواســـتنەوەی مســـۆگەرو باشـــیشـــیان بۆ دابین دەکات (Hallahan. Et al 2006).

هەروەها ئەو تاکانەی ئاســـتەنگیی جەســـتەییان هەیە، پێویســـتییان بە هەندێك رێکخســـتنی ژووری ناو پۆل هەیە، وەکو نەهێشتنی بەربەستەکان‌و کۆسپەکان لە بەردەم جوولەو گواستنەوە، هەر پۆلێکیش دوو دەرگای هەبێت، نەك یەك دەرگا، تەختە ســـپیش نزم بێت‌و لەگەڵ بەژنی منداڵاندا بگونجێت، هەروەها دەســـکی کردنەوەی دەرگاکەش بە ئاسانی بکرێتەوە، سەرباری ئەوەی کار لە سەر داپۆشینی زەویی ژوورەکە بکرێت بۆ رێگریکردن لە خزین، زێدەباری دابینکردنی شوێنی تایبەت، وەکو کۆگاکان بۆ پاراستنی کەلوپەل‌و پێداویستییەکانی قوتابخانە (الخطيب 2009).

منداڵانی خاوەن ئاســـتەنگی جەســـتەیی پێویســـتیی بە مەشـــق‌و راهێنان هەیە لە ســـەر کارامەییە خودییەکان لە ئەنجامدانی چـــالاکییە رۆژانەییەکان‌و دابینکردنی ئامرازە هەموارکراوە گونجێندراوەکان کە جوولانەوەو کرداری نووسین‌و خوێندنیشیان بۆ ئاسان دەکات.

دەستێوەردانی چارەسەری (التدخل العلاجی):

کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی پزیشـــکی‌و ناپزیشـــکی هەن، ئەو تاکانەی خاوەن ئاســـتەنگی جەســـتەیی‌و تەندروســـتین پێویستییان پێیانە، لەوانەش:

1. **چارەسەری سرووشتی (العلاج الطبيعي) (Physical Therapy):**

چارەسەری سرووشتی تا ئەوپەڕی توانای، کار لە سەر چاکترکردنی حاڵەتی تووشبوو دەکات، لە ئەنجامدانی ئەرك‌و کارە ژیانییەکانی‌و سووك کردنی کاریگەرییەکانی تووشبوون، یان نەخۆشی، ئەوەش لە میانی جەختکردنەوە لە سەر دۆخی جەســـتەو جوولەی‌و هاوســـەنگییەکەی‌و هەڵســـەنگاندنی توانســـتە جەســـتەیی‌و ماســـوولکەییەکانی، چارەســـەری سرووشتی شێوازی هەمەجۆر لە چارەسەرکردن بەکاردەهێنێت، وەکو شێلان‌و مەشق‌و راهێنانی وەرزشی‌و گەرمی‌و ئامێری شەپۆلەکانی سەرووی دەنگ‌و نیوە نمەکی سارد.. (السرطاوي 2010).

2. چارەسەری پیشەیی (العلاج الوظيفي) (Occupational Therapy):

چارەسەری پیشەیی کار لە سەر گەشەپێدانی کارامەیی جوولەیی وردی ئەو کەسانە دەکات کە ئاستەنگی جەستەیی‌و تەندروستییان هەیەو پەرەپێدانی توانای تاکەکان لە ئەنجامدانی کارامەییەکانی ژیانی رۆژانەو کارامەییەکانی بایەخدان بە خود، هەروەها کار لە سەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی پاڵپشتیی بینین-جوولەیی دەکات، سەرباری پێدانی کارامەییەکانی پەیوەست بە کار بۆ تاك‌و زیاترکردنی سەربەخۆیی خودییان.

3. چارەسەری گۆکردن (العلاج النطقي) (Speech Therapy):

چارەسەری گۆکردن، یارمەتیی تاکەکان دەدات لە گۆکردن‌و ئاخاوتن‌و پەرەپێدانی کارامەییە زمانەوانییەکان‌و ئاسانکردنی ئاخاوتنیش، بە جۆرێك کە کار لە سەر دەستنیشان کردنی شڵەژانەکان‌و کێشەو گرفتەکانی گۆکردنی زمان‌و نەخشەسازیی بەرنامە چارەسەرییەکانیش دەکات.

بەشی دووەم

شیاندن

دەروازەی مێژوویی سەبارەت بە شیاندنی کەمئەندام:

کرداری شیاندنەوەی کەمئەندامانو خاوەن پێداویستانی تایبەت، بە تایبەتیش دوای کۆتایی هاتنی هەردوو جەنگی یەکەمو دووەمی جیهانی، کە لە دوای خۆیانەوە ژمارەیەکی بێئەندازەیان لە کەمئەندامانی جۆراوجۆر بەجێهێشت، ئەمەش پێویستیی بە چاودێریکردنی کۆمەڵایەتی تایبەت بوو بۆیانو جارێکی دیکەش شیاندنەوەو گەڕاندنەوەیان بۆ ناو ژیانو کارکردنیان لە کایە جۆراوجۆرەکاندا. لە راستیدا سرووشتی هەلومەرجی ئابووری جیهانی، کە لە سییەکانی سەدەی رابردوودا رووبداو راستەوخۆش بەر لە رووداني جەنگە گەورەکە –جەنگی دووەمی جیهانی- بوو، لە دوای خۆیەوە چەندین گرفتی ئابووریو دارایی هێنایەئاراوەو ئاستی گرفتە ئابوورییەکانیشی دژوارتر کرد، زۆرێك لە وڵاتانی جیهان کاتێك بە ئاگاهاتن ژمارەیەکی زۆری دەستی کاریان لە دەست چووبوو، بۆیە ئەو وڵاتانە پەنایان بردە بەر گرتنەبەری سیاسەتی شیاندنەوەو چاودێریکردنی کەمئەندامانو کارکردن بۆ سوودوەرگرتن لێیان لە دامەزراوە بەرهەمهێنەرەکانو هەوڵدانو کارکردن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی هێزی بەرهەمهێنانیان.

فەلسەفەی شیاندن: فەلسەفەیەکە بە هەموو توانایەوە جەخت لە سەر رۆڵی گواستنەوەی کەسی کەمئەندام دەکات لە چوارچێوەی بیرۆکەی پشتبەستنی لە سەر کەسانیترەوە بۆ بیرۆکەی پشتبەستن بە خودی خۆی، ئەوەش لە رێگەی:

1. سەربەخۆیی.
2. خۆسەری کەسێتیو پیشەیی (تێربوونی کەسێتیو پیشەیی- الكفايه الشخصيه والمهنيه)، واتە سەربەخۆبوونی لە بوارە خودیو پیشەییەکانەوە.
3. گەڕاندنەوەی کەمئەندام بۆ ئەوپەڕی ئاستی توانای جەستەییو عەقڵی، یان هەستەوەری کە پێی مابێتو لە توانایدا هەبێت.
4. پەسەندکردنی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت لە رووی کۆمەڵایەتیو کارکردن لە سەر دابینکردنی گەورەترین ئاستی دەرفەتی کاری بەردەست بۆی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی، وەکو مافێك لە مافەکانی مرۆڤ.

پێناسەی شیاندن (تعريف التأهيل):

- شیاندن: کردارێکی ئامانجدارو رێکخراوە، مەبەستی دووبارە بەتواناکردنەوەی مرۆڤی کەمئەندامە بۆ گەڕاندنەوەی توانستە جەستەییو عەقڵیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو پیشەییەکانی، تا ئەوپەڕی توانای بەردەستو کردنەوەی بە تاکێکی بەرهەمهێنەرو پشتبەخۆبەستوو لە ناو ئەو کۆمەڵگەیەی تێیداد دەژێت.
-

جیاوازی لە نێوان شیاندنو دووبارە شیاندنەوە (الفرق بین التأهیل وإعادە التأهیل):

زۆرێك لە سەرچاوەو ژێدەرە زانستییەکان جیاوازییان لە نێوان چەمکی شیاندنو چەمکی دووبارە شیاندنەوە کردووە، بە واتای ئەوەی:

- **شیاندن (التأهیل):** ئاماژەدانە بەو خزمەتگوزارییە پێویستانەی کە بۆ پەرەپێدانی توانستەکانی تاك و ئامادەکارییەکانی پێویستن، لە کاتێکدا ئەو توانستانە لە بنەڕەتدا هێشتا دەرنەکەوتوونو بوونیان نییە، ئەمەش لە سەر کەمئەندامو خاوەن پێداویستییە تایبەتە بچووکەکان پەیڕەو و پیادە دەکرێت، کە ئاستەنگو کەمئەندامییەکەیان سکماکییە، یان لە تەمەنێکی پێشوەختەدا تووشی بووبنو رووایاندابێت.
- **بەلام شیاندنەوە (اعادە التأهیل):** بە واتای دووبارە شیاندنەوەی تاك دێت کە پێشتر مەشقو راهێنانی لە سەر کارو پیشەیەك کردبێت، یان فێری بووبێتو ماوەیەکیش ئەنجامی دابێت، پاشان تووشی تێکچوونێکی جەستەیی یان مێشکی هاتبێتو کەمئەندام بووبێتو توانای گەڕانەوەی بۆ کارەکەی، یان پیشە بنەڕەتییەکەی نەبێت بە هۆی ئاستەنگە نوێیەکەوە.

ئامانجەکانی شیاندن: (أهداف التأهیل)

ئامانجی کرداری شیاندن هێنانەدیی ئەمانەی خوارەوەیە:

1. قۆستنەوەو پەرەپێدانی هێزو توانستەکانی تاك و بەگەڕخستنیەتی تا ئەوپەڕی ئاستو توانای لە سەربەخۆیی پیشەیی و کۆمەلایەتی و ئابووری.
2. یارمەتیدانی کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستی تایبەتو خێزانەکەی لە خۆگونجاندنیان لەگەڵ حاڵەتی ئاستەنگەکەی و رووبەڕووبوونەوەی سەرجەم ئەو کاریگەری و شوێنەوارە دەروونی و کۆمەلایەتی و ئەرکداری و پیشەییانەی لە ئەنجامیدا دێنەئاراوە.
3. ئاوێتەکردنی تاکی کەمئەندام بۆ ناو ژیانی گشتیی کۆمەلگەو وای لێ بکرێت توانای ئەنجامدانی رۆڵی گونجاوی لەگەڵ هێزو توانستەکانیدا هەبێت.

پاساوەکانی شیاندن (مبررات التأهیل):

1. کەمئەندامان بە وزەیەکی مرۆیی دادەنرێنو پێویستە پارێزگاریان لێ بکرێتو سووربین لە مانەوەو بەگەڕخستنەوەیان ، هەروەها بە شێکی جیانەکراوەن لەو دەرامەتە مرۆییانەی کە پێویستە لەبەر چاو بگیرێنو بایەخیان پێبدرێت، لە کاتی نەخشەکێشانو ئامادەکاری بۆ دەرامەتە گەشەییەکانی کۆمەلگە.

2. ئاستەنگی کەمئەندامانو خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، لە چ ئاستێکدا بنو دەستەو توێژەکانیشیان لە یەکتری جیاواز بن، کەچی لێهاتوویی‌و توانای پاڵنەرێتیی فێربوون‌و گەشەسەندن‌و ئاوێتەکردنیان لە ژیانی ئاسایی کۆمەڵگەدا پێویستییەکی هەرە لە پێشەو دەبێ هەوڵیان بۆ بدرێت.
3. هەموو کەمئەندامان مافی چاودێریکردن‌و فێرکردن‌و شیاندن‌و خستەکاریان هەیە بە بێ جیاوازی بە هۆی رەگەز، یان بنەچە، یاخود پێگەی کۆمەڵایەتی، یان وابەستەبوونی سیاسییان.
4. مەعریفەی زانستی‌و هونەری‌و تەکنەلۆژی بە بنەمایەکی گرنگی حاڵەتەکانی کەمئەندام بوون‌و خۆپاراستن لێی‌و بایەخدان بە کاروباری کەمئەندامان دادەنرێت.
5. کرداری شیاندن بەرپرسیارێتییەکەو بە گشتی لە ئەستۆی دەوڵەت‌و کۆمەڵگەو خێزاندایە، ئەوەش لە پێناوی رووبەڕووبوونەوەی گرفتەکانی ئاستەنگبوون‌و کەمئەندام بوونیان‌و ئەوە دەرهاویشتانەی لێیەوە سەرچاوە دەگرن.

ئەو رەگەزانەی بەشداری لە سەرکەوتنی شیاندندا دەکەن (العناصر المساهمه فی انجاح التأهیل):

بۆئەوەی شیاندن بە سەرکەوتوویی‌و کارایی‌وە تەواو ببێت‌و بگاتە ئەنجام، هەر دەبێ‌و زۆر پێویستە ئەم چوار رەگەزە دابین بکرێن:

1. خودی کەسە کەمئەندامەکە، یان خاوەن پێداویستییە تایبەتەکە.
2. خێزانی کەمئەندامەکە.
3. کۆمەڵگە.
4. تیمی شیاندن.

جۆرەکانی شیاندن (أنواع التأهیل):

1. شیاندنی پزیشکی (Medical Rehabilitation).
2. شیاندنی دەروونی (Psychological Rehabilitation).
3. شیاندنی کۆمەڵایەتی (Social Rehabilitation).
4. شیاندنی پیشەیی (Vocational Rehabilitation).
5. شیاندنی پەروەردەیی (ئەکادیمی) (Academic and Educational Rehabilitation).
6. شیاندنی وەرزشی (Sport Rehabilitation).

1. شیاندنی پزیشکی (Medical Rehabilitation):

شیاندنی پزیشکی یەکێکە لە بەرنامەو چالاکییە بنەڕەتییەکانی کرداری شیاندن، بایەخ بە لایەنە کەموکووڕیو نەخۆشییەکانو ئاستەنگییەکان دەدات، چ ئەوانەی دەبنە هۆی ئاستەنگیو کەمئەندامی، یان ئەوانەی دەبنە مایەی نەخۆشیو خەراپی باری تەندروستی، کە لەوانەیە بە هۆی ئاستەنگییەکەوە سەرچاوەیان گرتبێت.

ئامانجی بەرنامەکانی شیاندنی پزیشکی بریتین لە:

أ. کارکردن لە سەر خۆپاراستن لە دووبارەنەبوونەوەی رووداني حاڵەتی ئاستەنگیو کەمئەندامی، ئەوەش بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی دۆزینەوەو پشکنینە پزیشکیو جینییە (الجینیە) بۆماوەییەکانەوە.

ب. کارکردن لە سەر دۆزینەوەی پێشوەختەی حاڵەتەکانی ئاستەنگیو رێکارییە کردارییەکانی دەستێوەردانی پێشوەختە بۆ نەهێشتنو رێگریکردن لە کەڵەکە نەبوونی گرفتی ئاستەنگیو پەککەوتەیی.

ت. کارکردن لە سەر چاکترکردن، یان هەموارکردنی توانستە جەستەییو ئەرکداریو پیشەییەکانی تاك بە ئامرازی چارەسەرکردنی پزیشکیی پێویست، چ بە بەکارهێنانی داودەرمان، یان کرداری نەشتەرگەری، یان شێوازیتری رێکارییەکان، ئەوەش بۆ گەیاندنی بەوپەڕی ئاستی پیشەییو ئەرکداریی مرۆییەوە.

ئامرازو هۆکارەکانی شیاندنی پزیشکی (أهداف برامج التأهیل الگبی): بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. داودەرمانە پزیشکییەکان.
2. کرداره نەشتەرگەرییەکان.
3. چارەسەری سرووشتی.
4. کەرەستەو ئامرازە پزیشکییە قەرەبوکردنەوەکانو ئامرازە یارمەتیدەرەکان.
5. رێنماییو ئامۆژگاریی پزیشکی.

2. شیاندنی دەروونی (Psychological Rehabilitation).

هەلومەرجی دەروونیی تاکی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەتو خێزانەکەی رۆڵێکی دیارو بەرچاو و کاریگەر لە گۆڕینی حاڵەتی ئاستەنگی بۆ حاڵەتی کەمئەندامی دەبینن، یان لە رازیبوونو پەسەندکردنی حاڵەتی ئاستەنگیو خۆگونجاندن لەگەڵ حاڵەتەکەو کارکردن بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە چالاکیو بەرنامەکانی شیاندنی پێویست.

زۆریش پێویستە ئەو کاریگەریو شوێنەوارە دەروونییانە وەبیربهێنینەوە کە حاڵەتی ئاستەنگیو پەککەوتن لە سەر ژیانی تاكو خێزانەکەی جێیانهێشتووە، کە زۆر جار لە ئاستو پلەیەکی قووڵو کاریگەریشدا بوونو

پێویستییان بە توانای زۆری کارکردن هەبووە بۆ کەمکردنەوەو سووککردنی هەستو پاڵەپەستۆی دەروونی لە سەریان، کە لەوانەیە لە ئەنجامی ئەو حاڵەتی ئاستەنگو کەمئەندامبوونەدا هاتبێتنە ئاراوە.

گرنگترین دیاردەکانی پاڵەپەستۆی دەروونی کە تاکەکانی خێزان بەری دەکەون، بریتین لە هەستکردنیان بە شەرم، یان خۆبەکەمزانین، یان تاوان، یاخود نکۆڵیکردن لە بوونی ئاستەنگو پاراستنی زیاد لە پێویست، یان رەتکردنەوەی منداڵی کەمئەندامو شاردنەوەی لە بەرچاوی کەسانیتر، یاخود دوورەپەرێزکردنو گۆشەگیرکردنی لە ژیانی کۆمەڵایەتیو بەشدار پێنەکردنی لە کایەکانی ژیاندا.

هەروەها حاڵەتی پەککەوتن، یان ئاستەنگ، کار دەکاتە سەر خودی تاکی کەمئەندام، چونکە کاریگەریی بۆ سەر تێگەیشتنو مەزەندەکردنو رێزگرتنی لە خودی خۆیو توانستەکانیشی دەبێتو وای لێ دەکات، لە حاڵەتی دوودڵیو دڵەڕاوکێو راڕاییو ترس لە ئایندە بژێت، هەروەها لەوانەیە کار بکاتە سەر تێڕامانی بۆ ژیانو متمانەی بەوانەی دیکەش.

ئامانجەکانی بەرنامەی شیاندنی دەروونی (أهداف برامج التأهيل النفسي):

أ. ئامانجە ئاراستەکراوەکانی تاکی کەمئەندام کە ئەمانە دەگرێتەوە:

1. یارمەتیدانی کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت بۆ هێنانەدیی ئەوپەڕی خۆگونجاندنی کەسێتی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری خۆی، ئەوەش لە میانی پەسەندکردنو رازیبوون بە خودی خۆیو ئەو هەلومەرجەی تێیدا دەژێت.
2. یارمەتیدانی کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت بۆ هێنانەدیی ئەوپەڕی خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتیو پیشەیی، ئەوەش لە میانی یارمەتیدانی لە پێکهێنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە سەرکەوتووەکان لەگەڵ ئەوانەی دیکەو دەرچوونو دەربازکردنیان لە لایەنی گۆشەگیریو دوورەپەرێزیی کۆمەڵایەتیو ئاوێتەو تێکەڵ کردنەوەیان بە ژیانی گشتیی کۆمەڵگە، هەروەها یارمەتیدانیان لە سەر هەڵبژاردنی پیشەییانەی دروست کە لەگەڵ حاڵەتو بارودۆخو مەیلو ئارەزوو و ئامادەکارییەکانیاندا بگونجێت.
3. کارکردن لە سەر هەموارکردنەوەی هەندێك نەریتی رەفتاریی هەڵە کە لەوانەیە لە ئەنجامی ئاستەنگو کەمئەندامییەکەدا بێنەئاراوە.

ب. ئامانجە ئاراستەکراوەکانی خێزانی تاکی کەمئەندام، کە ئەمانە دەگرێتەوە:

1. یارمەتیدانی خێزان لە سەر تێگەیشتنو رێزگرتنو پەسەندکردنی حاڵەتی کەمئەندامیو ئاستەنگی کەسی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە میانی پێدانی زانیارییە پێویستەکان دەربارەی حاڵەتی کەمئەندامیو پێداویستییەکانی هەموارکردنەوەی ئاراستەکان سەبارەت بەو ئاستەنگو کەمئەندامییانەی کە منداڵەکە تووشی هاتووە

2. یارمەتیدانی خێزان لە سەر رووبەڕووبوونەوەی ئەو پاڵەپەستۆ دەروونیو کۆمەڵایەتییانەی لەوانەیە بێنەئاراوە سەبارەت بە حاڵەتی ئاستەنگو کەمئەندامیو سووك کردنی کاریگەریو شوێنەوارەکانی.
3. یارمەتیدانی خێزان لە گەیشـــتن بە بڕیاری دروســـتو هەڵبژاردنی بواری شـــیاندنی گونجاو بۆ منداڵە کەمئەندامەکەیان.
4. یارمەتیدانی خێزان لە ســەر بونیادنانی پێشــبینییە ئەرێنیو بابەتییەکان ســەبارەت بە توانســتەکانی منداڵی پەککەوتەو خاوەن پێداویستیی تایبەت.
5. راهێنانو مەشـقکردن بە خێزانو رێنمایی کردنیان لە سـەر شـێوازەکانی چـاودێریو راهێنانو مەشـقکردن بە منداڵی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت.

ئامرازو شێوازەکانی شیاندنی دەروونی (وسائل وأساليب التأهيل النفسی):

1. رێنمایی دەروونی.
2. رێنمایی خێزانی.
3. هەموارکردنی رەفتار.
4. ئاراستەو رێنماییکردنی پیشەیی.
5. چارەسەرکردنی دەروونی.

3. شیاندنی کۆمەڵایەتی (Social Rehabilitation).

ئاوێتەو تێکەڵکردنەوەی تاکی کەمئەندامو خاوەن پێداویســتیی تایبەت بۆ ناو ژیانی گشــتیی کۆمەڵگە، یەکێکە لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی شــیاندنی کۆمەڵایەتی، بەڵکو گرنگترینو دوا ئامانجی کرداری شــیاندنیشــە. چــونکە ئاوێتەو تێکەڵکردنەوەی تاکی کەمئەندام بۆ ناو کۆمەڵگە پێویســـتیی بە ئامادەکردنێکی باش هەیە بۆ خۆگونجاندنی لەگەڵ پێداویستییەکانی ژیانی گشتیو وەڵامدانەوەی پێوەرو بەها کۆمەڵایەتیو دابونەریتە باوەکانی کۆمەڵگەو بونیادنانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی ســەرکەوتوو لەگەڵ تاك و کۆمەڵەکان، زێدەباری ئامادەکردنی بۆ ســەربەخۆیی ژیانی خۆیو کۆمەڵایەتیو خێزانیشی.

شــیاندنی کۆمەڵایەتی بە واتای ئامادەکردنی تاکی کەمئەندامو خاوەن پێداویســتیی تایبەت دێت بۆ خوگونجاندنو کارلێکی ئەرێنی لەگەڵ کۆمەڵگەو پێداویســـتییەکانی ژیانی گشـــتی لە میانی کۆمەڵە بەرنامەو چـــالاکییەکی کۆمەڵایەتیی تاکی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت، هەروەها خێزانەکەیو ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژی.

ئامانجەکانی شیاندنی کۆمەڵایەتی (أهداف التأهیل الاجتماعی):

ئامانجی شیاندنی کۆمەڵایەتیی کەمئەندامانو خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان ئەمانە دەگرێتەوە:

1. پەرەپێدانی کارامەییە رەفتارییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆگوجاندن لای تاکی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت.
2. کارکردن لە سەر هەموارکردنەوەی ئاراستەکانی خێزان بەرەو منداڵە کەمئەندامەکەیان.
3. دابینکردنی هەلومەرجی پیشەیی‌و ئەرکداری، بۆ ئەوەی وا لە کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت بکرێت، ژیانی ئاسایی خۆی ئەنجام بداتو لەگەڵ ژیانی گشتیی کۆمەڵگەشدا تێکەڵو ئاوێتە ببێتەوە.
4. کارکردن لە سەر دابینکردنی هەلومەرجی ژینگەیی‌و گونجاو بۆ ئاوێتەکردنەوەی کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت بۆ ناو کۆمەڵگە.
5. کارکردن لە سەر دابین کردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە پێویستەکان بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییە تایبەتەکانی کەسە کەمئەندامەکانو هاندانیان لە سەر دارشتنو دەرکردنی یاسای پێویست بۆ دابینکردنو مسۆگەرکردنی مافەکانیان.
6. دابین کردنی هەلومەرجی گونجاو بۆ ئاسانکاری لە بەشداریکردنی کەسانی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت لە چالاکییەکانو ئەو بەرنامانەی کە کۆمەڵگە بۆ تاکەکانی دابینیان دەکات، چ بەرنامەی چالاکیی فێرکاری بن، یان کۆمەڵایەتی، یاخود کارو چالاکیی رۆشنبیری، یان کاتبەسەربردنو پشوودان بن.
7. پاڵپشتیکردنو هاندانی کاری کۆمەڵایەتیی خۆبەخشانەو دامەزراندنی کۆمەڵەی کەمەئەندامانو خاوەن پێداویستانی تایبەت، یان کۆمەڵەی کەسوکاری کەمئەندامانی کۆمەڵایەتی‌و پیشەیی.

شێوازەکانی شیاندنی کۆمەڵایەتی (أساليب التأهيل الاجتماعی):

شێوازەکانی چاودێری‌و شیاندنی کۆمەڵایەتیی کەمئەندامانو خاوەن پێداویستانی تایبەت، بەپێی جۆرو ئاستو پلەی ئاستەنگو کەمئەندامییەکەیان‌و بەپێی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی تاکی کەمئەندامو خێزانەکەی جیاوازییان هەیە، ئەو شێوازانەش بریتین لە:

1. **شێوازی چاودێریی ماڵەوە:** جەخت لە سەر هەڵوەستەکردن لە سەر هەلومەرجی خێزان دەکاتەوە کە تاکی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت لە سایەیدا دەژێتو یارمەتیدانی خێزانی کەمئەندام لە بەدەستهێنانی خزمەتگوزاریی بەردەست لە کۆمەڵگەو رووداني گۆڕانکاریی پێویست، چ لە ئاراستەکانی تاك بۆ خێزان، یان خۆگونجاندنی ژینگەی نیشتەجێبوونی خێزان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی تاکی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت.

2. **شـــێوازی چـــاودێریی رۆژانە:** واتە دابینکردنی دامەزراوەی چـــاودێری بە رۆژ بۆ خزمەتکردنی کەســـە کەمئەندامەکان، ئەوەش بە مەبەســـتی دوورکەوتنەوە لە دوورەپەرێزیو گۆشـــەگیربوونیان لە ژینگە سرووشتییەکەیانو کەمکردنەوەی ماوەی شیاندنیان.

3. **شێوازی چاودێریی لەخۆگرتن (الاحتوائیە):** ئەم شێوازە تەنها لەگەڵ ئەو حاڵەتانەدا بەکاردێت کە پێویستییان بەم جۆرە چـــاودێرییە هەیە، وەکو حاڵەتە زۆر دژوارەکانو هەمەجۆرەکانو ئەو حاڵەتانەی کە خێزان توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی چاودێریی پێویستیی تاکە کەمئەندامەکەیان نییە.

4. **شـێوازی چـاودێریی دواتر (اللاحقە):** ئەمەش دوای تەواوکردنی کرداری شـیاندنو ئاوێتەو تێکەڵکردنی کەسـی کەمئەندام دێت بۆ ناو خێزانەکەی، یان کۆمەڵگەکەی، یاخود دۆزینەوەی کارێکی شـــیاو و گونجاو بۆی، ئەمەش بە مەبەستی جەختکردنەوە لە سەر دڵنیابوون لە بەرنەکەوتنی جارێکی دیکەی بۆ گرفتو رووبەڕووبوونەوەی هەر ئاســـتەنگێك کە دەکرێ رووبەڕوویان ببێتەوە، پێویســـتە چـــاودێریی دواتر (ئایندەیی) ئەمانەی خوارەوە بگرێتەوە:

أ. رووبەڕووبوونەوەی ئاســـتەنگەکانی خۆگونجاندن، لەگەڵ ژینگەو لەگەڵ کاری تایبەت لە قۆناغە پێشوەختەکان بۆ گەڕاندنەوەی کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت بۆ ناو ژیانی سرووشتی دوای کردارەکانی چارەسەرکردنو شیاندن.

ب. دابینکردنی دەرفەتی بەردەوامبوونو ســـەقامگیریی کەمئەندام لە فێرکردن، یان کارو زاڵبوون بە ســـەر تێکڕای ئەو کۆسپو لەمپەرە کارگێڕیو مادیو کۆمەڵایەتییانەی کە بە شێوەیەکی نەرێنی کار دەکەنە سەر بەردەوامبوونی کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت لە خوێندن، یان کارەکەی.

ت. یارمەتیدانی کەســـانی کەمئەندام، یان خاوەن پێداویســـتیی تایبەت لە ســـوودوەرگرتن لە دامەزراوە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی خۆجێیی کە کەمئەندام تیایدا دەژێت، چ تەندروســـتی، یان کۆمەڵایەتی، یاخود کاتبەسەربردنو پشوودان بن.

پ. جەختکردنەوە لە بەدواداچـــوونی کەســـی کەمئەندام بۆ نەخشـــەکارییە چـــارەســـەرییە تایبەتەکانی کەمئەندامان، ئەوانەی پێویســـتییان بە خزمەتگوزاریی چـارەســەرکاری هەیە بە شـێوەیەکی هەمیشـەییو بەردەوام.

4. شیاندنی پیشەیی (Vocational Rehabilitation).

شـیاندنی پیشـەیی لە قۆناغە گرنگو بایەخدارەکانی کرداری شـیاندنی گشـتگیری دادەنرێت. چـونکە شـیاندنی پیشـــەیی بە واتای ئەو قۆناغەی کرداری شـــیاندنی پەیوەســـتو هاوئاهەنگو گونجاو دێت کە دابینکردنی خزمەتگوزارییە پیشـــەییەکانی وەکو ئاراســـتەکردنی پیشـــەییو مەشـــقو راهێنانی پیشـــەییو بەکارهێنانی

ئارەزوومەندانە دەگرێتەوە، بە مەبەستی بەتواناکردنی کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت لە دابینکردنی کاری گونجاو و پارێزگاریکردنو پەرەسەندنو گەشەپێدانی. یان شیاندنی پیشەیی بە واتای بەرنامەی هەمەلایەنەو گشتگیر دێت بە مەبەستی بەتواناکردنی کەسی کەمئەندام لە دابینکردنی بەدەستهێنانی کاری گونجاو بۆ هەلومەرجو توانستەکانیو پارێزگاریکردنیو گەشەپێدانو پەرەسەندنی بەرەو پێشو بەهێزکردنی ئاوێتەی کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت لەگەڵ کۆمەلگەکەی.

شیاندنی پیشەیی بریتییە لە کۆمەڵە بەرنامەو چالاکییەك کە ئامانجی وەبەرهێنانو بەگەڕخستنی توانستو وزە تاکە کەسییەکانی کەمئەندامو مەشقو راهێنانیەتی لە سەر پیشەیەکی گونجاو بۆی کە لە رێگەیەوە بتوانێت دەرامەتو داهاتێك بە دەست بهێنێتو لە سەر دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی یارمەتیی بدات.

ئامانجەکانی شیاندنی پیشەیی (أهداف التأهيل المهنى):

1. بەگەڕخستنو وەبەرهێنانی وزەو توانستە کەسییەکانی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت لە سەر پیشەیەکی گونجاو.
2. دابینکردنو مسۆگەرکردنی کارێکی گونجاو بۆ کەسی کەمئەندامو مسۆگەرکردنی پاراستنی ئەو کارەو گەشەپێدانو پەرەسەندنیشی بەرەو پێشەوە.
3. مسۆگەرکردنو دابینکردنی داهاتی ئابووری رۆڵێکی گرنگو بەرچاوی هەیەو لە میانییەوە کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت دەتوانێت پێداویستییە ژیانییەکانی خۆیو بەشێکی خێزانەکەیشی دابینو دەستەبەر بکات.
4. دووبارە گەڕاندنەوەی متمانەی کەسی کەمئەندام بە خودی خۆیو رێزگرتنی لە خۆیو هەستکردن بە بەرهەمهێنانی.
5. هەموارکردنەوەی ئاراستەکانی ئەوانیتر دەرهەق بە هێزو تواناکانی کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت.
6. ئاراستەو وەبەرهێنانی دەستی کارو وزە پەککەوتووەکانی کەسە کەمئەندامەکان وەکو دەرامەتێك لە دەرامەتەکانی گەشەپێدانی ئابووریی بەرهەمهێنراو لە کۆمەلگەدا.
7. ئاوێتەو تێکەڵکردنی کەسی کەمئەندام بۆ ناو ژیانی گشتیی کۆمەلگە.

هێنانەدیی ئامانجەکانی شیاندنی پیشەیی پێویستیی بەم رەگەزانەی خوارەوە هەیە:

1. بوونی مەیل و ئارەزوو و ئامادەکارییە پیشەیی و هێزو توانستە کەسییە لە بارو گونجاوەکان لای کەسی کەمئەندام.
2. بوونی ناوەندەکانی مەشق و راهێنانی پیشەیی و پێدان و بەخشینی توانستە مرۆیی و مادی و تەکنیکییە گونجاوەکان بە کەسی کەمئەندام.
3. بوونی دەرفەتی کاری پێویست لە کۆمەڵگە بۆ بەگەڕخستنی کەسی کەمئەندام دوای تەواوکردنی پێداویستییەکانی کرداری شیاندن و مەشق و راهێنانی پیشەیی.
4. دابین بوونی ئاراستە ئەرێنییەکان و ئارەزووی خاوەن کارخانە و بەرژەوەندییە بازرگانییەکان بۆ بەگەڕخستنی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستانی تایبەت لە ناوەندە بازرگانییەکانیان و دامەزراوە پیشەسازی و کارخانەکانیان.
5. بوونی یاساو رێساو بنەماو بڕیارە پێویستەکان بۆ پاراستنی مافی کرێکارانی پەککەوتە.

هەنگاوەکانی کرداری شیاندنی پیشەیی (خطوات عملية التأهيل المهني):

کرداری شیاندنی پیشەیی لە میانی کۆمەڵە هەنگاوێکەوە تێپەڕ دەبێت، کە دەتوانین لەم خاڵانەدا دەستنیشانیان دەکەین:

1. **هەڵسەنگاندنی پیشەیی (Vocational Evaluation)**: کردارێکە ئامانجی لێکۆڵینەوەی هێزو توانستە پیشەییەکانی کەسی کەمئەندامو زانین و ناسینی مەیل و ئارەزوو و ئامادەکارییە پیشەییەکانیەتی بە ئامانجی یارمەتیدانی لە سەر هەڵبژاردنی پیشەیەك کە لە سنووری بەرنامە پیشەییەکەیدا بێت لە ناوەندی مەشق و راهێنان. ئەم هەنگاوەش تایبەتمەندو پسپۆڕێکی هەڵسەنگاندنی پیشەیی، یان رێبەرێکی پیشەیی ئەنجامی دەدات و رایدەپەڕێنێت، تیایدا ژمارەیەك پێوەرو تاقیکردنەوەی دەروونی و پیشەیی بەکاردەهێنێت کە یارمەتیی پێشبینی کردنی ئەو بوارە پیشەییانە دەدات کە لەگەڵ ئامادەکارییەکان و مەیل و ئارەزووەکان و توانستە کەسییەکانی کەمئەنداماندا بگونجێت.
2. **ئاراستەی پیشەیی (Vocational Guidance)**: هەنگاوێکە ئامانجی یارمەتیدانی کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەتە لە هەڵبژاردنی پیشەیی پیشەیەك کە لەگەڵ مەیل و ئارەزوو و ئامادەکاری و توانستەکانی کەسەکەدا بگونجێت لە لایەك و لەگەڵ دەرفەتی بەکارهێنانی بازاڕی کاریش لە لایەکی دیکەوە.
3. **مەشق و راهێنانی پیشەیی (Vocational Training)**: هەنگاوێکی سەرەکییە لە کرداری شیاندنی پیشەیی کە کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت دەخاتە ناو مەشق و راهێنانی کردەییەوە، ئەوەش بە مەبەستی راهێنانی لە سەر پیشەیەك، کە دوای ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن و ئاراستەی پیشەیی هەڵبژێردراو.

کرداری مەشق و راهێنانی پیشەییش بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت:

أ. **سازدانی پیشەیی (التهیئه المهنیه)**: قۆناغێکە تیایدا پیشەکە بە کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت دەناسێنرێت، کە دواتر مەشق و راهێنانی لە سەر دەکات و یاساو رێساو پێداویستی و کەرەستەو کارامەییە پێویستییەکانی ئەنجامدانی پیشەکە فێر دەبێت و دەزانێت و ئاراستە ئەرێنییەکانیشی بۆ کارو بەرهەمهێنان پێ دەدرێت.

ب. **پیادەو جێبەجێکردنی کرداری (التطبيق العملي)**: ئەو قۆناغەیە کە تیایدا مەشق و راهێنان بە کەسە کەمئەندامەکە دەکرێت لە سەر ئەو پیشەیەی کە هەڵیبژاردووە، بە جۆرێك لەو کردارەدا کەسی کەمئەندام لە کۆتاییەکەیدا بگاتە ئەنجامدان و بەدەستهێنانی پیشەیەکی باش کە وای لێ بکات بۆ پاراستنی پیشەکەی و بەردەوامیدان و بەرەو پێشبردنی سازو ئامادەو پەرەی پێ بدات.

ت. **مەشق و راهێنان لە بازاڕی کارکردندا (التدريب في سوق العمل)**: قۆناغی کۆتاییە کە تیایدا کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت لە کۆمپانیایەك، یان دامەزراوەیەکی پەیوەندیدارو لە ژێر سەرپەرشتیی راستەوخۆی کرێکارانی کارامە دابنرێت و سەرپەرشتی دەکرێت بۆ دڵنیابوون لە ئەنجامدانی کاری پیشەیی کەسە کەمئەندامەکە، لەگەڵ پێویستیی بەدواداچوونی لە لایەن ناوەندەکە، یان دامەزراوەی شیاندنەکەوە.

4. **خستنەکار (التشغيل- Employment)**: دوا هەنگاو و کۆکراوەی کۆی هەنگاوەکانی پێشووترە، کە شێوەی هەمەجۆر لەخۆدەگرێت، لەوانەش:

أ. **کارپێکردن لە بازاڕی کاری کراوە (التشغيل في سوق العمل المفتوح)**: کۆمەڵە دەرفەتێك لەخۆدەگرێت کە یاسای خستنەڕوو و داواکاری (العرچ والگلب) لە سایەی یاسای کارو بەکارهێنانی بازاڕی کار دابینی دەکات، خستنەکار (بەگەڕخستن) لە بازاڕی کاری کراوە بە خستنەکاری دەستەبژێریش دەناسرێت، هەروەها لە گرنگترین جۆرەکانی کارپێکردن و خستنەکاریش دادەنرێت.

ب. **کارپێکردنی پارێزراو، یان کارپێکردن لە خستنەکارە پارێزراوەکان (التشغيل المحمي أو التشغيل في المشاغل المحميه)**: لە سۆنگەی ئەوەی کارپێکردنی دەستەبژێری هەندێك جار رووبەڕووی ژمارەیەك ئاستەنگ دەبێتەوە لە گونجاندن لەگەڵ ژینگەی کار، تاکو لەگەڵ پێداویستییەکانی کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەتدا بگونجێت، پاشان دۆزینەوەی دەرفەتی کارپێکردن لە خستنەکارە پارێزراوەکان، کە بریتییە لە شوێنکاری دوورو پارێزراو لە ململانێی بازاڕ، ژینگەی کاریش تیایدا لەگەڵ پێداویستییەکانی کرێکاری کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەتدا گونجاو و لەباربێت.

ت. کارکردنی خودی (خودکاری- التشغيل الذاتي): لەم جۆرەیان کەمئەندام لە سەر حیسابی خۆی کار دەکات، دوای دابینکردنی سەرمایەیەکی گونجاو بۆ کارەکەی.

پ. کارکردنی ناومالی (التشغيل المنزلي): ئەم جۆرەیان تایبەتە بەو کەسانەی کە هەلومەرجی کەمئەندامییەکەیان رێگەی کارەکانی دیکەی لێگرتوون و ناتوانن لە ماڵەوە دەربچنە دەرەوە، لێرەدا کەسی

کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت لە ماڵەوە کارو جۆرە چالاکیی پیشەسازی، یان پیشەیی ئەنجام دەداتو فرۆشتنو بازاڕکاریی بەرهەمەکانیشیان لە لایەن کەسانی دیکە، یان دەستەی پیشەسازی، یاخود بازرگانی، یان خێرخوازی پەیوەندیدارەوە بۆ ئەنجام دەدرێت.

ج. **کارکردنی هەرەوەزی (التشغيل التعاوني)**: بە واتای کارپێکردنی کەمئەندامان دێت لە پرۆژەکان، یان دامەزراوەکان، یاخود لە کۆمەڵە هەرەوەزییەکان، یان لە کۆمەڵە هەرەوەزییە تایبەتەکان، کە خودی خۆیان سەرپەرشتیی کارگێڕیو ساغکردنەوەو بازاڕکردنی بەرهەمەکانیان دەکەنو قازانجەکەی لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەن.

5. شیاندنی پەروەردەیی (ئەکادیمی) (Academic and Educational Rehabilitation):

شیاندنی پەروەردەیی بە یەکێك لە بەرنامەکانی کرداری شیاندن دادەنرێت، کە بە واتای دابینکردنی بەرنامەی پەروەردەیی تایبەت (Special Education programs) دێت بۆ کەسە کەمئەندامو خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە ژینگەیەکی ئەوتۆ کە کۆتوبەندی کاری کەمتر بێت، هەڵبەتە بەرنامەی پەروەردەی تایبەت بە جیاوازیی دەستەو جۆری ئاستەنگو کەمئەندامییەکانەوە، ئەویش جیاوازیی هەیە، چونکە بەرنامەکانی پەروەردەی تایبەتی خاوەن پێداویستییە عەقڵییەکان لە ناوەڕۆك و شێوازو ئامرازەکانیدا لە بەرنامەکانی پەروەردەی تایبەتی خاوەن پێداویستییەکانی بیستن، یان بینین، یاخود جەستەییو..تاد جیاوازن. هەروەها جێگرەوە پەروەردەییە پێشکەشکراوەکانیش بۆ دەستەو کەسە کەمئەندامەکان بە پێی جیاوازیی ئاستی کەمئەندامیو سرووشتی پێداویستییە پەروەردەییە تایبەتەکانیان جیاوازییان هەیە، بە جۆرێك کە ئەو جێگرەوانە لە نێوان فێرکردنی پۆلی ئاسایی (ئاوێتەی هەمەلایەنە) بۆ فێرکردنی ناوەندو دامەزراوەکان، یان قوتابخانە ناوخۆییەکاندان.

دەستنیشان کردنی بەرنامەی پەروەردەیی گونجاو لە بەر رۆشنایی ئەمانەی خوارەوەدا دەبێت:

1. **ئاستو پلەی کەمئەندامیو دژوارییەکەی**: هەرچەندە ئاستەنگو پلەی کەمئەندامییەکە دژوارتر بێت، پێداویستییە پەروەردەییە تایبەتەکانیش زیاتر دەبن، ئەوەندەش پێویستییان بە قوتابخانەکانی رۆژ، یان ناوخۆییەکان زیاتر دەبێت.
2. **ئاستو پلەی هوشیاریی خێزانو ئاراستەو پێشبینییەکانیان بۆ منداڵ**: هەرچەندەش ئاراستەکانی خێزانو پێشبینییەکانیان بەرانبەر منداڵەکانیان نزمو نەرێنی بێت، ئەوەندە ئاراستەکانیان بەرەو قوتابخانەی تایبەت، یان دامەزراوەی ناوخۆیی دەبێت.
3. ئاستی دابینکردنی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان لەو ژینگەیەی کە منداڵ تیایدا دەژێت.

6. شياندنی وەرزشی (Sport Rehabilitation).

شياندنی وەرزشی كردارێكی ديناميكيی ئامانجداره، چالاكييە جياوازەكان بە خشتە دەكات، واتە خشتەی تايبەتيان بۆ دادەنێت، لەوانەش چالاكييە وەرزشييەكان بۆ هەر كەسێكی كەمئەندام بۆ ماوەی رۆژێكی تەواو بەپێی ئەم كاروبارە بنەڕەتييانەی خوارەوە كە توانستەكانی شياندنيان ئاراستە دەكرێت، لەوانەش:

أ. بەرزترين پلەی چاككردنی جەستەيی.

ب. بە تواناكردنی كەسی كەمئەندام بۆ كاركردن بەوپەڕی توانايەوە.

ت. وا لە كەسی كەمئەندام بكرێت سەر لە نوێ ئەرك و پيشەو چالاكيی وەرزشی خۆی ئەنجام بدات، كە پێشتر ئەنجامی داوە.

هەنگاوە بنەڕەتييەكانی شياندنی كەمئەندامان لە رووی وەرزشييەوە (خطوات أساسية لتأهيل المعاقين رياضيا):

1. **ئابلۆقەگيری، يان دۆزينەوەی حاڵەتەكان (الحصر أو اكتشاف الحالات):** دەستنيشان كردنی قەبارەی ئەو كۆمەڵگەيەی كە چاودێريكردنی وەرزشی كەمئەندامان و خاوەن پێداويستييە تايبەتەكان لەخۆدەگرێت، كە لە بواری شياندنی وەرزشيدا بايەخێكی ديارو بەرچاويان هەيە، بۆيە پێويستە ئابلۆقەگيری بۆ ئەو حاڵەتانە بكرێت كە تيايدا كەسەكان ئاستەنگيان هەيەو كەمئەندامی كردوون، چ حاڵەتەكە سكماكی بێت، يان وەرگيراو، ئينجا ئەو ئاستەنگ و تووشبوونانەش بخرێنە سەر ئەو بەرنامەيەی كە تيايدا چاودێريی كەمئەندامان دەكرێت لە رووی وەرزشييەوە.

2. **قۆناغی ئامادەكردنی جەستەيی (مرحله الاعداد البدنی):** ئامانجی ئەم قۆناغە دەستنيشان كردنی جۆری ئاستەنگ و ئاست و پلەكەی و جۆری چارەسەركردنی پێويستە بۆ حاڵەتەكە، ئەوەش بە پشكنينی پزيشكی و دەروونيی كەسی كەمئەندام و خاوەن پێداويستيی تايبەت دەست پێ دەكات و ئەم هەنگاوانەی خوارەوەش دەگرێتەوە:

أ. **تەواوكردنی چارەسەری پيشەيی:** ئەگەر كەمئەندام پێويستيی بە هەندێك كرداری نەشتەرگەری، يان راهێنانی هەندێك ماسوولكە هەبێت بۆ نەرمبوون و سوودگەياندن بە جەستەی، كە بە چارەسەری سرووشتی ناسراوە.

ب. **چارەسەركردن بە كار (العلاج بالعمل):** بە جۆرێك كە كەسی كەمئەندام و خاوەن پێداويستيی تايبەت جۆرێك لە چالاكيی وەرزشی ئەنجام دەدات كە ئارەزووی لە ئەنجامدانی هەيە لە كاتی ماوەی چارەسەركردنەكەی، ئەوەش بە راهێنان و مەشقكردنی كەمئەندامەكە لە سەر كارێك بە جوولەی دياريكراو كە سوود بە نەخشەكاری و پلانی چارەسەركردنەكەی بگەيەنێت.

ت. **مەشـــق و راهێنانی جەســـتەیی:** ئەوەش بە پەنابردنە بەر ئامێرو ئامرازی قەرەبوکاری دەبێت، وەکو پەلە دەســـتکردەکان (قاچو دەســـت)، یان چـــاویلکە، یاخود کورســـیی جوولاو، یان ئامێری بیســـتنو..تاد، لەگەڵ یارمەتیدانی کەسی کەمئەندام لە چۆنیەتیی بەکارهێنانیان.

3. **قۆناغی بەدواداچوون (مرحلە المتابعە):** ئەم قۆناغە بە مەبەستی بەدواداچوونی چالاکییەکانی کەمئەندامەکەو لێکۆڵینەوەی ئاســـتو پلەی خۆگونجاندنیەتی لەگەڵ هاوڕێکانی، ئەم کارەش لە ســـەر توانســـتە عەقڵیو ئامادەکارییە دەروونییەکانو مەیلو ئارەزووە کەسییەکانو ناسینو زانینی گرفتەکان راوەستاوە، چ لە یانە بێت، یان لە ناو خێزانەکەی، یاخود لە بواری کارەکەیو یارمەتیدانی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی، تاکو هەست بە شکستو نائومێدی نەکاتو واز لە چالاکییە وەرزشییەکانی نەهێنێت.

4. **ئاراستەی پیشەییو رێنمایی دەروونی (التوجیه المهني والارشاد النفسي):** ئەم هەنگاوە رێکارییەکانی پشکنینی پزیشـــکیو جەســـتەییو هەڵســـەنگاندنی حاڵەتی دەروونیو لێکۆڵینەوەی حاڵەتی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هەڵسەنگاندنی توانستو ئامادەکارییە پیشەییەکان دەگرێتەوە، بۆئەوەی راهێنەر، یان سەرپەرشتیار بتوانێت بە سەر کرداری شیاندنی کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت زاڵبێت لە بەشداری پێکردنی کەسەکە لە ئامادەکردنو جێبەجێکردنیشـیدا، بە مەرجێك کرداری ئاراســتەکردنی پیشــەییو رێنمایی دەروونی لە دیداری یەکەمەوە لەگەڵ کەمئەندامەکە دەست پێ بکاتو لەگەڵ تەواوبوونی کرداری شیاندنەکەشدا کۆتایی بێت، واتە کرداری شیاندن لەگەڵ کەسەکە بەردەوام دەبێت بە درێژایی قۆناغی شیاندنەکە.

5. **گەڕاندنەوەی وزە (اســتعادة الطاقة):** ئەم قۆناغە زۆر گرنگە بۆ شـــیاندنی ئاســـتی وەرزشـــیی کەمئەندام، لە هەنگاوە بنەڕەتییە گرنگو بەهادارەکانیش دادەنرێت، چـــونکە خزمەتگوزارییە پزیشـــکییەکانو تێکڕای ئەو چارەسەرییە سروو شتیانەش دەگرێتەوە کە دەبنە مایەی کەمکردنەوەی ئاستی کەمئەندامیو پلەو ئاستی ئەو ئاستەنگەی کەسەکە بە دەستییەوە دەناڵێنێتو کاریگەریو شوێنەوارەکانیشی سنووردار دەکات، بۆئەوەی کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویســتیی تایبەت بە تەواوی لە ئەنجامدانی کارەکەیدا پەککەوتەو دەســتەپاچـە نەبێت، ئەم خزمەتگوزارییانەش بایەخو گرنگیی خۆیان هەیە، لەوانەش:

أ. بڕیار لە سەر سرووشتی کەمئەندامیو ئاستو پەیوەندیی بە ئاستەنگەکەوە دەدات.

ب. بڕیار لە سەر ئەگەری چاوەڕوانکراوی چاکبوونەوەی جەستەیی دەدات.

ت. ئەو رێژە پێداویستییەمان پێ دەبەخشێت کە کارەکە پێویستی پێیەتی بۆ رێنمایی کردنی دەروونی.

پ. ئاماژە بەو ئەرکو کارانە دەکات کە لەوانەیە کەســـەکە بتوانێت پڕیان بکاتەوەو کاریان تێدا بکات، ئەوەش بە روونکردنەوەی ئەو مەترســـییانەی لەوانەیە کەســـە کەمئەندامەکە بەریانبکەوێت، هەروەها ئەو هەلومەرجانەی کارەکە کە لەگەڵ شیکردنەوەی وزەی جەستەیی کەسەکەدا دەگونجێن.

ج. ئاماژە بەو خزمەتگوزارییانە دەکات کە کەسەکە پێویستیی پێیانە.

6. **مەشقو راهێنانی پیشەیی (التدريب المهني)**: واتە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ کەمئەندامانو خاوەن پێداویستانی تایبەت لە پێناو بەتواناکردنیان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی زیاتر لەگەڵ تواناکانیاندا دەگونجێن، ئەمەش وایان لێ دەکات توانای ئەنجامدانی کاری بەرهەمدارو گونجاویان هەبێت بۆ حاڵەتەکانیانو قۆستنەوەو سوودوەرگرتن لە هێزو کارامەییو ئەزموونو تواناکانیان لەبەر ڕۆشنایی تواکانی خستنەکارو پێداویستییەکانی ئەو پیشەیەی کاری تێدا دەکەنو لەگەڵ هێزو توانایاندا دەگونجێت.
7. **خزمەتگوزارییە یارمەتیدەرەکان (الخدمات المساعدة)**: کرداری شیاندنی وەرزشی، چ زۆر بخایەنێت، یان کەمو کورت بێت، پێویستیی بە زێدە خزمەتگوزاری هەیە کە پێشکەش بە کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت بکرێت، وەکو تێچووی گواستنەوەکانیو نیشتەجێکردنو مانەوەیو کڕینی کەلوپەلو کەرەستەو پێداویستییە وەرزشییەکانیو خزمەتگوزارییە یارمەتیدەرەکانی دیکەی کە پێشکەش بە وەرزشی کەمئەندامان دەکرێت لە پێناوی شیاندنیانو گەڕاندنەوەیان بۆ ناو ژیانی کۆمەڵگە.

ئامرازەکانی سەرکەوتنی شیاندنی وەرزشیی کەمئەندام (وسائل نجاح التأهيل الرياضي للمعاقين):

ئاستی سەرخستنی هەر کارێك، یان چالاکییەکی شیاندنی وەرزشی لە سەر دابینکردنی کۆمەڵێك هۆکار ڕاوەستاوە، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

1. **ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بە خودی کەمئەندامەکەوە**: وەکو ڕاوەستانو ئاستەنگ بوونی کاتو مەشقو ڕاهێنانی، ئامادەکارییە دەماریو مێشکیو هزریو دەروونییەکانیو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت.
2. **ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بە چالاکییەکانی شیاندنەوە**: وەکو ئەنجامدانی ئەو چالاکییە وەرزشییانەی خۆی حەزیان لێ دەکاتو پێش ئەوەی کەمئەندام ببێت ئەنجامی داون، یان ڕاهێنانو مەشقکردن لە سەریان ئەگەر کەمئەندامیو ئاستەنگەکە سکماکی (ولادی) بوو.
3. **ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بەو ژینگەیەی کەسە کەمئەندامەکەی تێدا دەژێت**: ئەمەش خۆی لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە بە هەموو دابو نەریتە ڕۆشنبیرییە هەمەجۆرەکانو ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کەسی کەمئەندام تیایدا دەژێت.

قۆناغەکانی کرداری شیاندن (مراحل عملية التأهيل):

کرداری شیاندنی کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت بە چەندین قۆناغی یەك لە دوای یەكو زنجیرەیی تێدەپەڕێت، هەر قۆناغێکیش لە کۆمەڵە هەنگاوێك پێکهاتووە، ئەوەش بەپێی ئەمانەی خوارەوە:

قۆناغی یەکەم: قۆناغی ناردنو پێشوازیکردن (مرحلة الاحالة والاستقبال):

ئەم هەنگاوە بۆ دوو هەنگاوی بنەڕەتی دابەش دەبێت:

1. **ناردن، یان حەواڵەکردن (الاحالة):** ئەو هەنگاوەیە کە لە ڕێگەیەوە دەست بە هەناردەکردنی کەسە کەمئەندامو خاوەن پێداویستییە تایبەتەکە دەکرێت بۆ مەڵبەندی شیاندن، حەواڵەکردنو هەناردەکردنیش بە زۆری لە ڕێگەی پزیشک، یان لە ڕێگەی خێزان، یاخود لە ڕێگەی مەڵبەندو دامەزراوەیەکەوە دەبێت، کە کەسە کەمئەندامەکەی تێدایە.
2. **پێشوازیکردن (الاستقبال):** هەنگاوی پێشوازیکردن لە هەنگاوە زۆر گرنگەکانی کرداری شیاندن دادەنرێت، چونکە ئەو قۆناغەیە کە تیایدا باری سەرنجی سەرەتایی لە لایەن خێزانی کەسەکەوە وەردەگیرێت سەبارەت بە ڕاستیی بەرنامەی شیاندنەکەو ئەوەی دەرئەنجامەکانی ئەو شیاندنەش بەدەستی دەهێنن لە لایەك و پێدانی سەرنج و تێڕوانینە سەرەتاییەکان بە دامەزراوەکەو ناوەندەکە بە ئاستی ئارەزووی خێزانی کەمئەندامەکەو ئامادەباشییان بۆ هاوکاریکردن لە سەرجەم قۆناغەکانی شیاندن لە لایەکی دیکەوە. واتە هەردوولا بە وردیو دروستی لە یەکتری تێدەگەنو حاڵی دەبن، کە تا چەند لە کارەکانیاندا ڕاستگۆو خەمخۆری کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەتن.

بۆیە هەر دەبێتو زۆر پێویستە کە کەسی بەرپرسیار لە کرداری پێشوازیکردنەکە کەسێکی تایبەتمەندی کارەکە بێتو ئەزموونی ئەوەی هەبێت، بتوانێت ئاستی سوودمەندبوونی کەسە کەمئەندامەکە لەو بەرنامەی شیاندنەو ئاستی پێویستبوونی خێزانەکە بە یارمەتیدانو ئەو لایەنە یارمەتیدەرانەی پێویستن بکاتە ڕاپۆرت. لە سەر بەرپرسی کرداری پێشوازیکردنیش پێویستە جەخت لە سەر گونجانو پیادەکردنی مەرجەکانی سوودوەگرتن لە بەرنامەی شیاندنەکە بۆ کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستی تایبەت بکاتەوە، هەروەها لە بەدەستهێنانی داتا بەراییە پێویستەکانو گۆڕینی حاڵەتەکە بۆ سوودگەیاندن بە قۆناغەکانی دیکەی کردارەکەو ڕێکارییەکانیشیان.

قۆناغی دووەم: قۆناغی هەڵسەنگاندنو دەستنیشانکردنو ڕێنمایی کردن (مرحلة التقييم والتشخيص والارشاد):

1. **هەڵسەنگاندن (التقييم- Evaluation):**

ئامانجی کرداری هەڵسەنگاندن ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ. دەستنیشانکردنی هێزو توانا کەسییەکان کە کەسی کەمئەندام هەیەتی.

ب. دەستنیشانکردنی هێزو توانا بەردەستەکان لە ژینگەی کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستی تایبەت.

ت. دەستنیشانکردنی سرووشتی پێداویستییەکانی شیاندنی تایبەت بە کەسی کەمئەندام.

2. **دەستنیشانکردن (التشخيص- Diagnosis):**

کرداری وەرگرتنی بڕیارە دەربارەی کاری دەستنیشانکردنی جۆرو ئاستی پەککەوتنو کەمئەندامبوونەکە، لە ڕووی دژواریی حاڵەتەکەو جۆری پێداویستییەکانی شیاندنی تایبەت بە کەسە کەمئەندامەکەو دەستنیشانکردنی بەرنامە

پێویستەکانی شیاندن بۆی. دەستنیشانکردن کردارێکی زانستییانەیەو پێویستیی بە ئاستێکی بەرزی وردبینیو بابەتیبوون هەیە لە میانی بەکارهێنانی پێوەرە کۆدکاریو هونەرییەکانەوە کە بریتین لە پێوەرەکانی راستگۆییو چەسپاندن (الصدق والپبات). هەروەها کردارێکی یاساییشەو پێویستیی بە تواناو رەوشتو ئاکارە پیشەییە تایبەتەکان هەیە، بۆئەوەی ئەوانەی کاری تێدا دەکەن توانای دەرکردنی بڕیاری گونجاو و لە ئەستۆگرتنی ئەو بڕیارانەشیان هەبێت کە دواتر دەبنە مایەی هاتنەئارای زۆرێك لە گرفتەکانو لەوانەشە کاریگەریو شوێنەواری نەرێنی لە سەر کەسە کەمئەندامەکەو خێزانەکەیشی بەجێبهێلن.

3. رێنمایی (الارشاد - Counseling):

کرداری رێنماییکردن بە ئاراستەی کەسەکەو خێزانی کەسە کەمئەندامو خاوەن پێداویستییە تایبەتەکە دەبێت. هەروەها کردارێکە هەموو قۆناغو هەنگاوەکانی کرداری شیاندن لەخۆدەگرێت، جەختکردنەوەو بایەخپێدانیشی لەم قۆناغەدا لە ئەنجامی گرنگییەکەیەتی دەربارەی قۆناغی وەرگرتنی بڕیاری گونجاو بۆ دەستنیشانکردنی جۆرو ئاستی کەمئەندامبوونو ئاستەنگی کەسەکە، چونکە لێرەدا لە سەر کەسی رێنماییکار پێویستە کە کرداری فێرکاریو چارەسەرکردنو راستکردنەوە ئەنجام بدات، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پەرچەکردارانەی لەوانەیە لە ئەنجامی کرداری هەڵسەنگاندنو دەستنیشانکردنەوە بێنە ئاراوە. رێنماییکار ئەو زانیاریو کارامەییە پیشەییانەی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ یارمەتیدانی کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت لە سەر تێگەیشتن لە واقعی خۆیو زانینو ناسینی لایەنە کەموکووڕیو لایەنە بەهێزەکانیو ئەو هەلومەرجانەی لەوانەیە لە کرداری شیاندندا سوودیان لێوەربگیرێت.

قۆناغی سێیەم: قۆناغی نەخشەدانانی بەرنامەی شیاندن (مرحلة التخطيط لبرنامج التأهيل):

ئەم قۆناغە بە قۆناغێکی زۆر گرنگ دادەنرێت لە کرداری شیاندن، چونکە تیایدا رێگەچارەو نەخشەکارییە پێویستەکان دادەنرێتو دادەڕێژرێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو کاریگەریو شوێنەوارانەی کە لە ئەنجامی کەمئەندامیو ئاستەنگەکەدا بوونیان هەیە، هەروەها وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی شیاندنی تایبەت بە کەسە کەمئەندامەکەش. نەخشەکاریی شیاندن (خگە التأهيل)ەکەش دەبێ نەخشەکاریو پلانێکی تاکە کەسی بێتو لە راونگەی رێسای بەکەسکردن (التفريد)ەوە هەنگاو هەڵبێهێنێت کە فەلسەفەی شیاندن لە سەری بونیاد نراوە. ئەم قۆناغە بە شێوەیەکی بنەڕەتی پشت بەو قۆناغانەی دیکە دەبەستێت کە لە پێش ئەم قۆناغەوە هاتوون، چونکە داڕشتنو بونیادنانی نەخشەکاریو پلانەکان بەپێی ئەو دوو قۆناغەی پێشتر دەبن، هەروەها سەرکەوتنو کارایی ئەم نەخشەکاریو پلانانە پشت بەو قۆناغەش دەبەستێت کە بەدوایدا دێت کە ئەویش قۆناغی مەشقو راهێنانە.

قۆناغی چوارەم: قۆناغی جێبەجێکردنی بەرنامەی شیاندن (مرحلة تنفيذ برنامج التأهيل):

سەرکەوتنی کرداری شیاندنو هێنانەدیی ئامانجەکانی، بە شێوەیەکی راستەوخۆ پشت بە جێبەجێکردنی ئەو نەخشەکاریو پلانی شیاندنە دەبەستێت کە تیمی شیاندنی خاوەن پسپۆڕیی هەمەجۆر نەخشەکارییان بۆ کردووەو کێشاویانە، ئەم قۆناغەش لەم هەنگاوانەی خوارەوە پێکهاتووە:

1. **ئامادەکردن (الاعداد):** مەبەست لەم هەنگاوە، ئامادەکردنی تاکی کەمئەندامە بۆ چوونە ناو قۆناغی جێبەجێکردنی نەخشەکاریو پلانی شیاندنەوە کە پێشتر داڕێژراوە، هەنگاوی ئامادەکاریش ئەم لایەنانەی هەیە:

أ. لایەنی ئامادەکردنی جەستەیی: ئەم لایەنە پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزاریانە دەگرێتەوە کە یارمەیتی تاکی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت دەدەن لە بەدەستهێنانەوەی گەورەترین رێژەی وزەی جەستەییو بەدەستهێنانی توانای رووبەڕبوونەوەی پێداویستییە جەستەییەکانی ژیان. ئەم خزمەتگوزارییانەش لە دەستێوەردانە پزیشکییە پێویستەکان (کرداره نەشتەرگەرییەکان)و چارەسەری سرووشتیو چارەسەری پیشەییو ئەرکداریو چارەسەری گۆکردن (النگقی) پێکهاتوون، هەروەها ئامێرو کەرەستە قەرەبوکاریو ئامرازەکانی یارمەتیدانو پەلە دەستکردەکان (قاچو دەستەکان)و ئەوانیتریش دەگرنەوە.

ب. **لایەنی ئامادەکردنی دەروونی:** ئەمەش رێنماییو ئاراستەکردنی تاکی کەمئەندامو یارمەتیدانی دەگرێتەوە بۆ پەسەندکردنو رازیبوون بە کەمئەندابووەکەیو پاڵپشتیکردنی متمانەبوونی بەخۆیو تواناکانی دیکەیو دۆزینەوەی مەیلو ئارەزووەکانیو ئامادەکارییەکانی بۆ بەدواداچوونی بەرنامەی شیاندنو سازدانی دەروونیی بۆ ئەم قۆناغە.

2. **مەشقو راهێنان (التدريب):** ئەمەشیان هەنگاوی دووەمو بنەڕەتیی ئەم قۆناغەیە. کە بریتییە لە دانانی کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت لە شوێنی دیاریکراو، یان ئەو دامەزراوەیەی کە مەشقو راهێنانی پێ دەکرێت بەپێی ئەو نەخشەکاریو پلانانەی بۆی دانراوە. بوارەکانی مەشقو راهێنانیش هەمەجۆرو رەنگاوڕەنگن بەم جۆرەی خوارەوە:

أ. **مەشقو راهێنانی ئەکادیمیانە (التدريب الاكاديمي):** ئەمەش یان لە قوتابخانە ئاساییەکانو بەپێی بەرنامە پاشکۆکانیان ئەنجام دەدرێت، یان لە ناو قوتابخانەو دامەزراوەکانی پەروەردەی تایبەتدا دەبێت.

ب. **مەشقو راهێنانی پیشەیی:** ئەمەش لە ناوەندو مەڵبەندەکانی شیاندنی پیشەیی کەمئەندامان ئەنجام دەدرێن.

ت. **مەشقو راهێنان لە سەر کارامەییە تایبەتەکان:** ئەمەش لە دامەزراوەکانی پەروەردەی تایبەتی رۆژانە، یان لە ناوخۆییەکان، یاخود لە نەخۆشخانەکان ئەنجام دەدرێنو بەڕێوەدەچن.

3. **هەڵسەنگاندن (التقييم):** کردارێکی بەردەوامەو ئامانجی دەستنیشانکردنی ئاستی تاکی کەمئەندامە لە میانی کرداری مەشقو راهێنانو لە کۆتاییەکەیشی جەختکردنەوە لە سەر ئاستی هێنانەدیی ئامانجەکانی کرداری شیاندن.
4. **بەدواداچوون (المتابعه):** ئەم هەنگاوەش دوای تەواوکردنی هەنگاوی پێشتر دێت، واتە دوای کۆتاییهاتنی بەرنامەی مەشقو راهێنان. ئامانجیشی جەختکردنەوەیە لە سەر ئاستی ئەو گونجاندنەی کە تاکی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت بەدەستی دەهێنێت چ لە بواری ئەکادیمی ئەگەر بڕیاری بەردەوامبوون لە خوێندن بدات، یان لە بواری پیشەیی دوای دۆزینەوەی پیشەیەك، یان دەستکردنی بە کارێك، یاخود ئەگەر ئارەزووی سەقامگیریی ژیانو پێکهێنانی ژیانی خێزانیی تایبەت بەخۆی هەبوو.
5. **کۆتاییهاتن، یان داخستنی حاڵەتەکە (الانهاء أو إقفال الحالة):** ئەمەشیان دوا هەنگاوی کرداری شیاندنە، بە جۆرێك کە رێنماییکاری کرداری شیاندن پەروەندە واتە (دۆسییە)ی حاڵەتەکە دادەخات، دوای ئەوەی لەوە دڵنیا دەبێت کە کەسی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت گەیشتۆتە حاڵەتی ئاوێتەبوونو تێکەڵبوون بە کۆمەڵگەو سەقامگیریی ئابووریو کۆمەڵایەتیشی بەدەستهێناوە.

هۆکارە یارمەتیدەرەکانی سەرکەوتنی بەرنامەی شیاندن (العوامل المساعدة على نجاح برامج التأهيل):

سەرکەوتنی بەرنامەکانی شیاندنو پەرەپێدانیان پشت بەمانەی خوارەوە دەبەستێت:

1. تەشریعاتو یاساکانو سیستەمەکان، جا ئەم تەشریعاتانە چ بە شێوەیەکی راستەوخۆو تایبەت بن بە کەمئەندامان، وەکو یاساکانی شیاندنی کەمئەندامان، یان یاساکانی پەروەردەی تایبەتەوە.
2. دابینکردنو دەستەبەرکردنی کادیرە پیشەییە تایبەتمەندەکانو شیاوی کارکردن لە بوای شیاندنی کەمئەندامانو خاوەن پێداویستانی تایبەت، لە سەر ئاستی ئامادەکردنی ئەکادیمی لە زانکۆو کۆلیژو پەیمانگاگان.
3. ئاستی ئامادەکاریی خێزانو کۆمەڵگەو ئاستی دابینکردنی ئاراستە ئەرێنییەکان بەرەو کەمئەندامان لە لایەکو بەرەو بایەخو کارایی بەرنامەکانی شیاندنیش لەلایەکی دیکەوە، هەروەها بە ئاراستەی دابینکردنی هەلومەرجی سرووشتیو کۆمەڵایەتیو ئابووری کە یارمەتیی ئاوێتەکردنی کەسی کەمئەندام دەدەن لە کۆمەڵگەو سەربەخۆیی ژیانیشیان مسۆگەر دەکەن.
4. ئاستی دابینکردنی بەرنامەی پەروەردەییو پیشەیی پێویست کە سەرجەم بوارەکانی شیاندن دەگرێتەوە.
5. ئاستی دابینکردنو دەستەبەرکردنی ئامێرو ئامرازو کەرەسە یارمەتیدەرەکانی وەکو ئامێرو کەرەسە قەرەبوکارییەکانو ئامرازە یارمەتیدەرەکان.
6. ژینگەیەکی ئارامو دوور لە کێشەو لەمپەرو ئارێشە.
7. ئاستی دابینکردنی مەڵبەندو ناوەندەکانی شیاندنی کۆمەڵگەیی.

کۆسپ و لەمپەرەکانی کرداری شیاندن (معوقات العملية التأهيلية):

1. شـیاندن پێویسـتیی بە توانسـتە مادیو مرۆییەکان زۆرە، کە لەوانەیە بۆ زۆرێك لە کۆمەڵگەکان دەسـتەبەرو دابین نەکرێن، بە تایبەتیش کۆمەڵگە تازە بووژاوەکان.
2. شیاندن: کردارێکە مامەڵە لەگەڵ کەسە کەمئەندامەکانو خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دەکات، کە تا رادەیەك لە رووی تەمەنەوە چوونەتەپێشو هەڵکشاون، بەمەش لە فێرکردنی گەورەکاندا کۆسپی دێتە پێش.
3. شیاندن، دووبارە مەشقو راهێنان کردنە بە کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت لە سەر کارامەییە دیاریکراوەکان، کە لەگەڵ توانسـتەکانی دیکەیاندا بگونجێت، چـونکە بریتییە لە کرداری گواسـتنەوەی کارێکی ئاسـایی و باو بۆ کارێکی دیکەی نائاسـایی و ناباو، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەرگریکردنی لە لایەن کەسـی کەمئەندام، ئەمەش وەکو ئەندێشـەو خولیایەکی گشـتیی تاك بۆ بەرگریکردنی گۆڕانکارییەکان. واتە لە کاتی ئاشناکردنی بە کارێکی تازەوە، لەوانەیە وا بە ئاسانی لەگەڵیدا رانەیەتو فێری نەبێت.
4. نەبوونی پێوەری کۆدکراو (مقننە) کە توانسـتەکانی کەسـی کەمئەندامو خاوەن پێداویسـتیی تایبەت پێوانە بکات، چ لە کاتی شیاندنی پیشەیی، وەکو کردارێك کە ئامانجی هەڵبژاردنی پیشەیەکی گونجاوی تاك بێت، یان لە کاتی ئاراستەکردنی پیشەییانە، وەکو کردارێك کە ئامانجی هەڵبژاردنی تاکی گونجاو بێت بۆ پیشەیەك.

بەرنامەکانی چاودێریی کەمئەندامان (برامج رعاية المعاقين):

1. بەرنامە خۆپارێزییەکان (البرامج الوقائيه): مەبەست لێیان کۆمەڵە بەرنامەیەکن ئامانجیان خۆپارستنی مرۆڤە لە تووشبوون بە پەتایەك، یان نەخۆشییەكو سنووردانان بۆ کەمئەندامیو نەخۆشییەکان.
2. بەرنامە چارەسەرییەکان (البرامج العلاجيه): مەبەست لێیان ئەو بەرنامانەیە کە یارمەتیی ئەو کەسانە دەدەن تووشـی ئاسـتەنگێك بوونەتەوە لە رووبەڕووی گرفتەکانیان، لەو بەرنامانەش (چـارەسـەریی سـرووشـتی، چارەسەرکردن بە کار، چارەسەریی پزیشکی، کەرەستەو ئامێرە قەرەبوکارییەکانو یارمەتیدەرەکان، مەشقو راهێنانی پیشـەیی، چـارەسـەری دەروونی، خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان، خزمەتگوزارییەکانی کاتبەسەربردنو دەستبەتاڵی).
3. بەرنامە گەشـەییەکان (البرامج الانمائيه): مەبەسـت لێیان ئەو بەرنامانەن ئامانجیان گەشـەپێدانی کەسـی کەمئەندامو زیاترکردنی ئەنجامدانی کاری کۆمەڵایەتیو پاڵپشـتیکردنی رەفتاری کۆمەڵایەتییە بۆی. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیش ئەوەیان سـەلماندووە کە لەدەسـتدانی کەمئەندام بۆ بەشـێك لە هێزەکانی جەسـتەی، یان هەستەوەری، وای لێ دەکات کرداری مەشقو راهێنانی زیاتر ئەنجام بدات بۆ گەشەپێدانی ئەو هێزو توانایانەی ماویەتی، تاکو بتوانێت قەرەبوی هێزو توانا لەدەستچووەکانی بکاتەوە.

تیمی شیاندن (فريق التأهيل):

تیمی شیاندن لە کۆمەڵە کەسێك پێکدێن کە ژمارەیەك تایبەتمەندیو پسپۆڕییان هەیەو حاڵەتەکەش پێویستیی بە تواناو پسپۆڕیو شارەزایی ئەوانە، تیمی شیاندنو تایبەتمەندییەکانیش بەپێی پێویستییەکان جیاوازو هەمەجۆرن، بەپێی هەلومەرجی حاڵەتەکەو سـرووشـتی پێداویسـتییە تایبەتییەکانی، کاری تیمی شـیاندن دەکەوێتە ژێر سـێ هۆکارەوە کە بریتین لە:

أ. **فەلسەفەی کاری تیمەکە (فلسفه عمل الفريق):**

هەر دەبێت کاری تیمی شیاندن لەم هەنگاوانەی خوارەوە دەست پێ بکات:

1. باوەڕهێنان بە هێزو توانای تاکی کەمئەندامو جەخت نەکردنەوە لە لایەنە کێماسـیو لاوازو کەموکووڕییەکانی، بەڵکو بایەخدان بەو هێزو توانایانەی هەیەتیو هەوڵی گەشەپێدانو بەهێزکردنیان بدرێت.
2. باوەڕهێنان بەوەی کەسـی کەمئەندام، مرۆڤە بەرلەوەی کەمئەندام بێت، مافی خۆیەتی بایەخی پێبدرێتو چاودێریی پێویستی بکرێت.
3. کەسـی کەمئەندام کەسـایەتییەکی تەواوە، ناکرێت بەش بەش بکرێت، هەروەها ناکرێت دوور لەو ژینگەیەی تێیدا دەژێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.
4. بایەخی یەکەمی کاری تیمی شیاندن گەیشتنە بە ئامانجەکانی شیاندن بەرەو ئاوێتەکردنی کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویسـتیی تایبەت بۆ ناو کۆمەڵگەو نابێت لە بایەخدانی کارگێڕی، یان رێکخراوەیی، یاخود ئابووریەوە بێت، واتە دەسـتپێشـخەریو کاری بەرایی پێویسـتە لە چـوارچـێوەی هێنانەدیی ئەو کاریگەرییە ئەرێنیانە بێت بۆ سەر کەسی کەمئەندامو کرداری شیاندنی، نەك شتێکی دیکە.
5. زۆر پێویستە کەشێکی پڕ لە متمانەو رێزگرتنی ئاڵوگۆڕکراو و دیموکراتییانە لە نێوان ئەندامانی تیمەکە دابین بکرێت.
6. کاری تیمەکە داهێنانو ماندووبوونو تێکۆشانی بەردەوام لەخۆبگرێت، نەك نائومێدیو بێ متمانەیی بە توانای ئەندامەکانی لە ئەنجامدانی کارەکانیان.
7. ئەندامانی تیمەکە بە چاوێکی بەشدارەوە سەرنج لە کەسوکاری کەسی کەمئەندام بدەن لە کرداری شیاندنو لە سرووشتی پاڵەپەستۆو پێداویستییەکانی خێزانەکانیشیان تێبگەن.

ب. **رێکخستنی کاری تیمەکە (تنظيم عمل الفريق):**

رێکخسـتنی کاری تیمی شـیاندن، ئەو پێوەرەیە کە کار دەکاتە سـەر کاراییو متمانەو راسـتگۆیی تیمەکە، بۆیە پێویستە رەچاوی ئەم بنەماو رێسایانەی خوارەوە بکەین بۆ دابینکردنی رێکخستنێکی باشی کاری تیمی شیاندن:

1. رێککەوتن لە سەر سەرکردایەتی تیمەکە بە شێوەیەکی دیموکراتییانە، بە بێ لەبەرچاوگرتنی پسپۆڕیو تایبەتمەندیی ئەو کەسەی تیمەکە بەڕێوە دەبات.
2. دەستنیشان کردنی کاتی کۆبوونەوەی ئەندامانی تیمەکە بە رێککەوتنی زۆرینەی ئەندامانی تیمەکە بێت، ئەمەش رێگە لە کرداری پەیوەندیکردنی بەردەوامی ئەندامانی تیمەکە ناگرێت لە دەرەوەی چوارچێوەی کۆبوونەوە فەرمییەکان.
3. تیمەکە کار لە سەر بەبەلگەکردنی بەردەوامو پاراستنی پەروەندەکان (ملفات)ی هەموو ئەو کارو بەرنامەو نەخشەکاریو پلانانە بکات کە تیمەکە دەیانهێننەدیو جێبەجێیان دەکەن.
4. تیمەکە دەسەلاتێکی کارگێڕیو یاسایی هەبێتو رێگەی تەواوی پێدرابێت، تاکو بتوانێت بەوپەڕی توانایەوە کارەکانی سەرشانی خۆی ئەنجام بدات.
5. تیمەکە تەواوی توانستو پێداویستییەکانی بۆ دابین بکرێت بە مەبەستی کارگێڕیو بەڕێوەبردنو رێکخستنی کارەکانی لە دامەزراوەیەك، یان دەزگاو ناوەندێکی شیاندن.

ج. پێکهێنانی تیمەکە (تكوين الفريق):

پێکهێنانی تیمەکە بەپێی جۆرو پلەی ئاستەنگو کەمئەندامییەکەو سرووشتی پێداویستییە تایبەتەکانی تاکی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت، بەپێی ئەو دامەزراوەو سرووشتی خزمەتگوزارییانەش کە پێشکەشیان دەکات جیاوازییان هەیە. چونکە ئەو تیمی شیاندنەی لە نەخۆشخانەدا کار دەکات، لە پێکهاتەکەیدا لەگەڵ ئەو تیمی شیاندنەدا جیاوازە کە لە مەڵبەندێکی شیاندنی پیشەیی، یان قوتابخانەیەك، یاخود ناوەندێکی پەروەردەی تایبەت کار دەکەن، هەروەها تیمی شیاندنی ئەوانەی لە رووی بیستنەوە ئاستەنگیان هەیە لەگەڵ ئەوانەی ئاستەنگی جەستەیی، یان عەقڵییان هەیە جیاوازن. بۆیە ئەندامی بنەڕەتیو سەرەکیی تیمەکە هەن کە بە زۆری کارمەندو بەرپرسی سەرەکیی بە شەکانی مەڵبەندەکان، یان ئەو دامەزراوانەن کە کاری تێدا دەکەن، ئەندامی کاتیشیان هەیەو بەپێی پێویستیی کارەکان دادەمەزرێندرێن.

ئەندامە بنەڕەتیو سەرەکییەکانی تیمی شیاندن لەمانەی خوارەوە پێکدێن (الاعضاء الاساسيون للفريق التأهيل فيتكونوا من التالية):

1. **پزیشك:** بەرپرسیارە لە دەستنیشانکردنی باری تەندروستیو نەخۆشیی کەسە کەمئەندامەکە، یان خاوەن پێداویستە تایبەتەکەو پێشکەشکردنی رێنمایی تەندروستی بۆیو پێشنیاری رێگەچارەی گونجاو و حەواڵەکردنو ناردنی کەسی کەمئەندام بۆ لای تایبەتمەندییە پزیشکییە پێویستییەکانی دیکە.

2. **تایبەتمەندو پسپۆڕی کۆمەڵایەتی (Social Worker)**: کەسێکی شارەزاو شیاوی بواری خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتییە، بەرپرسیارێتییەکەی لە ئەنجامدانی ئەو لێکۆڵینەوەو رێکارییە هەڵسەنگاندنە کۆمەڵایەتییانەوە دەستنیشان دەکرێت، کە تایبەتن بە کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەتو خێزانەکەیو هەلومەرجی کۆمەڵایەتیو ژینگەییو ئابووری کە خێزانەکەی لە سایەیدا دەژین. هەروەها ئامۆژگاریو رێنمایی پێویست پێشکەشی کەسە کەمئەندامەکەو خێزانەکەیشی دەکات بە مەبەستی زاڵبوون بە سەر ئەو کەموکووڕیو ئاستەنگانەی کە رووبەڕوویان دەبێتەوەو یارمەتیدانیان لە سەر کەمکردنەوەو سووککردنی دژواریی پاڵەپەستۆکانی سەریان کە لەوانەیە رووبەڕووی ببنەوەو تووشیان ببن.

3. **پسپۆڕو شارەزای دەروونی (الاخصائی النفسی Psychologist)**: پسپۆڕو شارەزای دەروونی لێکۆڵینەوەی هەڵسەنگاندنانەی دەروونی لە سەر کەسی کەمئەندام دەکاتو تاقیکردنەوە گونجاوەکانیان لە سەر پەیڕەو و پیادە دەکات، جا ئەو تاقیکردنەوانە چ پەیوەست بن بە لایەنی کەسایەتییەکان، یان تاقیکردنەوەی تایبەتی توانستە عەقڵییەکان بن، هەروەها کەسی شارەزاو پسپۆڕی دەروونی کار لە سەر ئامادەکردنی کەسی کەمئەندامو خێزانەکەی دەکات بۆ بەشداریکردنی کارا لە کرداری شیاندنو کارکردن لەگەڵ تایبەتمەندو پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ دەستنیشانکردنی چۆنیەتیی رووبەڕووبوونەوەی پاڵەپەستۆ دەروونییەکان کە لە ئەنجامی ئاستەنگو پەککەوتەییەوە هاتوونەتە ئاراوە.

4. **رێبەری شیاندن (مرشد التأهیل- Rehabilitation Counselor)**: رێبەری شیاندن بەرپرسیارە لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە هەڵسەنگاندنییە پیشەییەکانو یارمەتیدانی کەسی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەت لە سەر هەڵبژاردنی پیشەیەکو یارمەتیدانی بۆ دۆزینەوەی مەیلو ئارەزوو و ئامادەکارییەکانی. هەروەها بەرپرسیارە لە بەدواداچوونی جێبەجێکردنی نەخشەکاریو پلانی شیاندنو هەڵسەنگاندنو یارمەتیدانی تیمی شیاندن لە زاڵبوون بە سەر ئەو کۆسپو ئاستەنگانەی دێنە بەردەم راپەڕاندنی کرداری شیاندن. زێدەباری ئەوەی لێکۆڵینەوەی پێداویستییە پیشەییە بەردەستەکانی ناو کۆمەڵگەی خۆجێییو رێنمایی کەمئەندامانیش دەکات بۆ دۆزینەوەی کاری گونجاو و ئامادەکاریی پیشەییو بەدواداچوونی خۆگونجاندنی پیشەییشیان، سەرباری یارمەتیدانیان لە شوێنی کارەکانیان.

5. **شارەزاو پسپۆڕی پەروەردەی تایبەت (اخصائي التربية الخاصة – Special Education)**: ئەو کەسە بەرپرسیارەیە لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی هەڵسەنگاندنی فێرکارییانەو دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانی پەروەردەی تایبەت (Special Education Needs)و دانانی نەخشەکاریو پلانی پەروەردەیی گونجاو، هەروەها دەستنیشانکردنی دەزگاو دامەزراوەو بەرنامەی پەروەردەیی شیاو و سەرپەرشتیکردنو بەدواداچوونی ناونووسینو بەردەوامبوونی کەسی کەمئەندام بۆ ناو بەرنامەی پەروەردەییو فێرکاریی پێشنیارکراو. هەروەها بەرپرسیارێتیی کەسی پسپۆڕو شارەزای پەروەردەی تایبەت بەدواداچوونی کەمئەندامانیش دەگرێتەوە لە میانی

پیادەکردنی بەرنامەی پەروەردەییو پێشـــکەشـــکردنی ئامۆژگاریو رێنماییکردنی مامۆســـتایانی پەروەردەی تایبەت، یان مامۆســتایانی ئاســایی بەرپرس لە پیادەو جێبەجێکردنی نەخشــەکاریو پلانی پەروەردەیی پشــت پێبەستراو.

لە نێوان ئەندامە کاتییەکانی تیمی شیاندن ئەمانەی خوارەوەن:

1. پزیشــکە راوێژکارەکانی نوژداریی مێشــکو دەمار، ئێســک، لووتو گوێو قورگ، چــاو، پزیشــکی دەروونی (بەپێی حاڵەتەکە).
2. پســپۆڕو شــارەزای چــارەســەرکردنی ســرووشــتی، بەرپرســیارە لە کارکردن بۆ چــاکترکردنی ئەرکەکانی ئێســکو ماســوولکەکانو چــاکترکردنی جوولەی جوومگەکانو پشــتگیریی جوولەییو کارکردن لە ســەر مەشــقو راهێنانی کەســی کەمئەندامو خاوەن پێداویســتیی تایبەت لە ســەر بەکارهێنانی ئامێرو کەرەســە قەرەبوکارییەکانی پەلە دەســتکردەکان (دەســتو قاچــەکان)، هەروەها چــارەســەرکاری ســرووشــتی ئامرازە جیاوازەکانیش لە کارەکەیدا بەکاردەهێنێت، وەکو مەشقو راهێنانە ماسوولکەییو جوولەییو راهێنانەکانی هاوسەنگیو شێوازەکانی شێلانی دەستیو کارەبایییو چارەسەرکردن بە ئاویش.
3. شارەزاو پسپۆڕی چارەسەرکردنی پیشەییو ئەرکداری، ئەم شارەزاو پسپۆڕە کار لە سەر راهێنانو مەشقکردن بە کەســی کەمئەندامو خاوەن پێداویســتیی تایبەت دەکات بۆ ســوودوەرگرتنو قۆســتنەوەی باشــترین ئەو رادەی ئاســتو توانایەی کە ماویەتی، ئەوەش بە بەکارهێنانی چــالاکیو بەرنامەی پیشــەییو ئەرکداریی گونجاو بەپێی سرووشتی ئاستەنگو کەمئەندامییەکەیو ئاستی دژواریی حاڵەتەکەی.
4. شــارەزاو پســپۆڕی پێوانەکردنو دەســتنیشــانکردنی بیســتن، ئەرکی ئەم پســپۆڕەش لە پیادەو جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکانی بیستنو دەستنیشانکردنی پلەو ئاستی لەدەستدانی بیستنو سرووشتی یارمەتییە گونجاوەکانی بیســتنو مەشــقو راهێنانی کەســی کەمئەندامو خاوەن پێداویســتیی تایبەت وخێزانەکەی دەبینێتەوە لە بەکارهێنانی باشترین کەرەستەو یارمەتیدەری بیستنو چاککردنەوەیان لە کاتی پێویست.
5. پسپۆڕو شارەزای چارەسەری گۆکردنو ئاخاوتن (اخصائی علاج النگق والکلام): ئەرکی ئەمیش پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانو بەرنامە چــارەســەرییە تایبەتەکانە بە شــڵەژانەکانی گۆکردنو ئاخاوتنو هەڵســەنگاندنی ئاستی گەشەی زمانەوانیی پێشوازیکردنو دەربڕینو دەستنیشانکردنی گرفتەکانی گۆکردنو ئاخاوتن، هەروەها مەشقو راهێنان بە کەسی کەمئەندامو خێزانەکەی لە سەر شێوازو رێگەکانی پەیوەندیکردنی گونجاو دەکات.
6. پســپۆڕو شــارەزای ئامێرە قەرەبوکارییەکانو پەلە دەســتکردەکان، ئەرکی ئەم پســپۆڕو شــارەزایەش بریتییە لە هەڵسەنگاندنو دەستنیشانکردنی ئامێرە قەرەبوکارییەکانی پەلە دەستکردەکانی تاکی تووشبوو بە کەمئەندامی، ئەوەش بە هاوکاریو هەماهەنگی لەگەڵ پزیشــکی پســپۆڕو تایبەتمەند، ســەرباری جەختکردنەوە لە گونجانی

ئامێر، یان پەلە دەستکردەکان بۆ حاڵەتی نەخۆش، یان ئەو کەسانەی تووشی لە دەستدانی پەلێکیان هاتوون (دەست، یان قاچ)و دابینکردنی رێنماییە پێویستو گونجاوەکان بۆ کەسانی کەمئەندامو خاوەن پێداویستیی تایبەتو خێزانەکانیان لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئامێرە قەرەبوکارییەکان، یان بەستنو بەکارهێنانی پەلی دەستکردو چۆنیەتیی پارێزگاریکردنو چاککردنەوەیان لە کاتی پێویستیدا.